رۆژنامە
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات
ژمارە 498 پێنجشەممە 25 /6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.498 Thu 25/ 6/ 2009

**بانگەوازێک لەکۆمپانیای بەڕێزەوە بۆ ئەندازیارو ڕووپێوی شارەزا لەبواری بیناسازیدا**

کۆمپانیای بەڕێز پێویستی بە(١٠) ئەندازیارو (٥) ڕووپێو هەیە بەمەرجێک شارەزایی لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت.
بۆ وەرگرتنی فۆرمی دامەزراندن سەردانی ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیا بکەن لەشەقامی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتوون مۆڵ.
دووا بەروار بۆ وەرگرتنی فۆرم ٢٠٠٩/٦/٢٨ یە.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەوە :
٠٧٧٠٣٦٥٠٠٩٠
٠٧٥٠١٥٣٠٠٩٠
کۆمپانیای بەڕێز

# پەرلەمانی چەپڵە

## پەرلەمانی بەسەرچوو دەستووری دواکەوتووی بە چەپڵەڕێزان تێپەڕاند

ل٣

## بەپێی دەستوورەکەی پەرلەمان کەس نازانێت سنووری کوردستان کوێیە

ل٢

## پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان-سلێمانی بۆری زێرابی تێدا بەکارهێنراوە

ل٤

## عیماد ئەحمەد وەڵامی بەهەدەردانی (٢١) ملیۆن دۆلار ناداتەوە

ل٢

## واشنتۆن پۆست: نەوشیروان مستەفا پاڵێوراوێکی جەماوەرییە

ل٢

## د.شەفیق قەزاز: دەبێت ئەم دەسەڵاتە بگۆڕێت

ل٦و٧

## د. نوری تاڵەبانی: بڕگەیەکی دەستوور لە بەرژەوەندی ناوچەکانی مادەی (١٤٠) دا نییە

ل١٠




**مژدە .. مژدە ... هەلێکی گرنگ لەکۆمپانیای بەڕێزەوە**

پرۆژەی دڵی شار دوای تەواو بوون دەبێتە جوانترین پرۆژەی نیشتەجێبوون لەکوردستان و عێراق

کۆمپانیای بەڕێز لەنوێترین پرۆژەی نیشتەجێبون و بازرگانی دا. بۆ تەواوکردنی واتای پرۆژەکانی. پرۆژەی دڵی شار لەسەر شەقامی سالم و لەناو گەراجی مەسلەحەی کۆن رادەگەیەنی.
پرۆژەی دڵی شار 350 یەکەی نیشتەجێبونەو بەشێوەی باڵەخانە بەنوێترین سیستەمی جیهانی و بەنرخی گونجاو وەک دیاری گروپی کۆمپانیاکانی بەڕێز پێشکەشی دانیشتوانی شاری سلێمانی دەکرێ.
خزمەتگوزاریەکانی پرۆژەی دڵی شار بێوێنەیە. جگە لە دایەنگەو باخچەی ساوایان و بازاری هاوچەرخ و خوێندنگە 25%ی باخچەو سەوزاییەو هەموو شوقەیەک پارکی تایبەتی هەیە.

لە 2009/7/1 ناونوسین دەست پێدەکات دەتوانی راستەوخۆ سەردانی کۆمپانیا بکەیت لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود نزیک ئاڵتون مۆڵ.

ژمارە (498) پێنجشەممە 2009/6/25
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

## سیانزە پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنەکە نەبوونو پەرلەمانتارێکیش دژی پەسەندکردنی دەستوور دەنگیدا

### عەدنان موفتی:

# بەپێی دەستوور سەرۆکی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی نییە کە پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە

ئیبراهیم عەلی
سامان بەشارەتی

هەولێر

سیانزە پەرلەمانتار ئامادەی دانیشتنی دوێنێی پەرلەمان نەبوونو ئەو ٩٧ پەرلەمانتارەی کە ئامادەی دانیشتنی بەڕێکردنی دەستوور بوون بە چەپڵەڕێزان دەستووریان پەسەندکردو یەکێکیش لە دژی پەسەندکردنی دەستوور دەنگیدا.

### پەرلەمان دەستوور بەڕێدەکات

عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستان کە تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر بەڕێکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، «ئەم دەستوورە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی کوردستان».

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان داوای لە لایەنە سیاسییەکانو ڕۆژنامەنووسانو سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کرد کە ئەو دەستوورە بە موڵکی خۆیان بزانن نەک بە موڵکی پارتیو یەکێتی.

سەرۆکی پەرلەمان ئەوەشی خستەڕوو کە مەرج نییە ئەم دەستوورە بە ڕەزامەندی گشت لایەنەکان بێتو تەواوی لایەنەکان بەدڵیان بێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین لەو دەستوورەدا مافی هەموو لایەنو نەتەوەکانی تێدایە.

### سێ ساڵە کار لە دەستووردا دەکرێت

سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی خستەڕوو کە ماوەی سێ ساڵە چەند کەسێکی پسپۆڕ کاریان لەسەر دەستوور کردووەو ناکرێت ئەم ماندووبوونە بەرهەمی نەبێت.

لەدوای بڵاوبوونەوەی دەستوور لەنێو خەڵک، زیاتر لە ٥٦٦ پێشنیاز بۆ لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ڕۆیشتووەو کاریان لەسەر کردووە، بە بڕوای سەرۆکی پەرلەمان دەبێت ئەو لایەنانەی کە ڕەخنە لە دەستوور دەگرن، ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکەنو ئاشکراشیکرد کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٩وە پرۆژەی دەستوور گفتوگۆیەکی زۆر سیاسی لەسەرکرا، بۆئەوەی برایانی تورکمانو کلدانو ئاشووریو سریانی مافەکانیان لە دەستوور بچەسپێت.

### دەستوورێکی دوورو درێژ

دەستووری هەرێمی کوردستان لە ١٢٢ مادە پێکهاتووە لەگەڵ هەشت دەروازە کە بریتین لە (بنەما سەرەکییەکان، مافە بنەڕەتییەکان، دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، داواکاری گشتی، کارگێڕییە خۆجێییەکان، ئەنجومەنەکانی شارەوانی، دەستەو کۆمسیۆنە سەربەخۆکان، حوکمە داراییەکان، کارپێکردنی دەستوورو لێکدانەوەو هەمووارکردنی).

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی سەوز سەبارەت بە پەلەکردن لە بەڕێکردنی دەستوور بۆ ڕۆژنامە وتی: «پێم باشبوو پرۆژەی دەستووری هەرێم پێش تەواوبوونی ماوەی پەرلەمان پەسەندبکرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەدانەبووم لەماوەی بەسەرچوونی پەرلەماندا پرۆژەی دەستوور پەسەندبکرێت، بەڵام بەداخەوە کارەکە کرا، دەبوایە ئەم پرۆژەیە هەڵبگیرایە بۆ پەرلەمانی داهاتوو و لەوکاتەدا دەنگی لەسەر بدرایە، بۆیە من لەکاتی دەنگدانیشدا تەحەفوزم هەبوو».

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە کە پرۆژەی دەستووری هەرێم وردەکاریی زۆرەو لەم بارەیەوە وتی: «ئەم پرۆژە دەستوورییە بەشێوەیەکی گشتی دوورودرێژەو وردەکاریی زۆری تێدایە».

ئاریز عەبدوڵڵا وەک خۆی دەڵێت ڕەخنەی زۆری هەیە لەسەر هەندێک مادەو وتی: «مادەی شەشەمو ئەو مادانەی کە پەیوەندییان بە سیستمی سیاسییەوە هەیە ڕەخنەی زۆرم لەسەری هەیە، چونکە لەو پرۆژەیەدا کارێکمان کردووە ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا بەغدا پێمان بفرۆشێتەوەو داوای ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە بکەن کە لە دەستووری هەرێمدا هاتووە، کە ئەمەش بۆ ئێمە زیانێکی گەورەی هەیە».

### گفتوگۆنەکردن لەمەڕ دەستوور

لە دانیشتنەکەی دوێنێی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوودا دەستووری هەرێم تەنیا خوێندنەوەی بۆکرا بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی بەبێ گفتوگۆکردن دەنگی لەسەردرا، بەبێ ئەوەی پەرلەمانتاران تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی دەستوورەوە بخەنەڕوو، لەم ڕووەوە سەرۆکی پەرلەمان وتی: «ئێمە ڕێککەوتووین تەنیا دەنگی لەسەر بدەین نەک قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر پەرلەمانتارێکیش تێبینیو پێشنیازی هەیە، ئەوا دەتوانێت لە ڕاگەیاندنەکان باسی بکات».

ئاریز عەبدوڵڵا بەپێچەوانەی سەرۆکی پەرلەمان وتی: «بڕیاربوو یەک بە یەکی پەرلەمانتارەکان گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاساکە بکەنو دەنگی لەسەر بدەن، بەڵام بەداخەوە سەرۆکی پەرلەمان ئەم دەرفەتەی نەڕەخساندو لەوەدەچوو خۆیان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەم ڕێککەوتنەیان کردبێت، بەڵام من وەک پەرلەمانتارێک ئاگاداری ئەم ڕێککەوتنە نەبووم».

لەلایەکی دیکەوە، سەبارەت بە گفتوگۆنەکردن لە هۆڵی پەرلەماندا لەسەر دەستوور، محەمەد حەکیم وتی: «پێشتر ئەمە بەپێی یاسا ڕوونکراوەتەوە کە دەبێت دەستوور دەنگی لەسەر بدرێت نەک گفتوگۆی لەسەر بکرێت».

### ئیسلامییەکانیش ڕەخنەیان هەیە

سەبارەت بە ڕەخنەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لەدەستوور، لەکاتێکدا لەسەر داوای ئەوانو یەکگرتوو هەندێک مادە بۆ دەستوور زیادکرا، محەمەد حەکیم سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەڵبەت هەموو لایەنێکو تاکێک ناتوانێت گشت مافەکانی لە دەستووری وڵاتێکدا بێنێتە دی، بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی لە هەندێک مادە ڕازیبووین لەسەر هەندێک مادەی دیکەش ڕەخنەو تێبینی خۆمان هەیە، بەڵام دەنگمان پێیدا، هەرچەندە لەسەر مادەی ١٩ ڕەخنەو تێبینی زۆرمان هەیە، چونکە تاک زۆر سنووردار دەکاتو ئازادییەکانی لێ دەسێنێتەوە، هەروەها لەسەر دەسەڵاتی هەر سێ سەرۆکایەتییەکە مادەکانی زۆر نارۆشننو دەبوایە بەشێوەیەکی شەفافو ڕوونتر مادەکان بنووسرانایە».

### بەشدارانی نووسینەوەی دەستوور ناتوانن دەنگی پێبدەن

پەرلەمانتار دلێر محەمەد شەریف یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشدارە لە نووسینەوەی دەستووری هەرێم، بەڵام وەک هاوڵاتییەک ناتوانێت دەنگ بۆ دەستوور بداتو لەوبارەیەوە وتی: «دەستوور دایکی یاساکانەو پەیوەندی نێوان خەڵکو سیستمی سیاسی لە هەرێم ڕێکدەخاتو ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان بریتی بێت لە نوێنەرایەتی خەڵک، ئەوا دەبێت دەستوور گوزارشت لە هەموو کوردێک بکات، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک مافی دەنگدانیان نییە لەو هەڵبژاردنەدا، تائێستا سەرژمێریی نەکراوەو دەبوو دوای سەرژمێرییو تەواوی ئامادەکارییەکان، ئینجا دەنگ لەسەر دەستوور بدرایە، من یەکێکم لەو کەسانەی کە بەشداریمکردووە لە نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بەڵام ناتوانم دەنگی لەسەر بدەم».

بەبڕوای ئەم پەرلەمانتارە ئەم ماوەیەی کە دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی، ماوەیەکی کەمەو دەکرا ئەم ماوەیە درێژبکرێتەوە، بۆئەوەی زۆرترین خەڵک بەشداری بکردبایە لەو ڕاپرسییەدا.

### دەستوور بەڕێکرا، یان دواکەوت؟

بەبڕوای هیوا میرزای پەرلەمانتار دەستوور بەڕێنەکراوە، بەڵکو دواکەوتووە، وتیشی: «زیاتر لە هەشت ساڵە لە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر دەستوور دەکرێت، من یەکێک لە ڕەخنەکانم لە پەرلەمان ئەوەبوو، کە تائێستا پەرلەمان دەستووری پەسەند نەکردووە، ئێستا وا هەستدەکەم کە تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەری، بۆیە من وادەزانم کە ئەم دەستوورە تێنەپەڕێندراوە، بەڵکو دواکەوتووە».

سەرەڕای ئەوەی پێشتر پەرلەمان کاتی لەبەردەستدابوو بۆ پەسەندکردنی دەستوور، بەڵام تێپەڕاندنی ئەو دەستوورە خرایە ئەم کاتەوە کە پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە، هیوا میرزا لەم ڕووەوە وتی: «ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەستوور لە پەرلەماندا پەسەندنەکرێت، بەڵکو ئەمە یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی پەرلەمان کە لە زوودا دەستووری پەسەند نەکردووە».

### عەدنان موفتیش ڕەخنەی هەیە

عەدنان موفتی ئەوە دەخاتەڕوو کە خۆی ڕەخنەی لە هەندێک مادەی دەستوور هەیە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی پێی باش بووە کە دەنگ لەسەر دەستوور بدرێت.

سەرۆکی پەرلەمان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: «لەسەر بنەمای ئەو ڕەخنەو تێبینیانەی کە لەلایەن ڕێکخراوو لایەنە سیاسییەکان نێردرا بۆ پەرلەمان، هەندێک دەستکاری دەستوور کراوەو لە هیچ کۆمەڵگەیەکو وڵاتێکدا نییە کە تەواوی خەڵک لە دەستوورەکە ڕازیبن».
سەبارەت بە سنووری هەرێمی کوردستان موفتی وتی: «لەکاتی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠دا ئالیەت دانراوە بۆئەوەی دەستوور هەمواربکرێتەوە».

### سەرۆکی هەرێم ناتوانێت پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە

سەبارەت بە پێدانی دەسەڵاتێکی زۆر بە سەرۆکی هەرێم، لە دەستووردا، سەرۆکی پەرلەمان وتی: «بەپێچەوانەوە ئەم دەستوورە وەک قەیدێک وایە بۆ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، نەک دیارنەبوونی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم کە ئەمە جێگەی مەترسییەو دەستوور دەسەڵاتەکانی جیاکردووەتەوەو کەس ناتوانێت دەسەڵاتێکی زیاتر ممارەسە بکاتو ئەگەر هەر لایەنێک موساوەمە بکات لەسەر مافەکانی کورد ئەوا تووشی لێپێچینەوە دەبێتو بەپێی دەستوور ناتوانێت ئەم کارە بکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمانو خەڵکو بەپێی دەستوورەکە سەرۆکی هەرێم ئەو دەسەڵاتەی نییە کە بە بڕیارێک پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە».



# بەپێی دەستوورەکەی پەرلەمانی بەسەرچوو، کەس نازانێت سنووری کوردستان کوێیە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

هەرچەندە لەدەستووری هەرێمدا بەناوچە جێناکۆکەکانیشەوە ئاماژە بەسنووری هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ئاماژە بەوەدەکات، کە ئاساییە ئەگەر جێی ناوچە جێناکۆکەکانیش لەدەستووردا بکەینەوە، بەڵام مەرج نییە لەدانوستاندا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی سەرکردایەتی کورد بتوانێت قەناعەت بەبەرامبەرەکەی بکاتو داخوازییەکانی خۆی لەوبارەیەوە بهێنێتەدی.

لە برگەی دووەمی مادەی دووەمی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوەکراوە، کە سنووره سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەپشتبەستن بەمادەی (١٤٠)ی دەستووری فیدراڵی دیاریدەکرێن.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، هەرچەندە پێویستە ئەو برگەو مادانەی لەدەستووردا هاتوون (ثابت) جێگیربن، بەڵام بەهۆی مادەی (١٤٠)ەوە تائێستا واقیعی هەرێمی کوردستان جێگیرنییەو ناشکرێت ئاماژە بە واقیعی هەرێمی کوردستان بکرێت، چونکە تائێستا مادەی (١٤٠) جێبەجێ نەکراوە.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران پێشیوایە «ئاساییە کە لەدەستووردا بەناوچە جێناکۆکەکانیشەوە ئاماژە بەسنووری هەرێم بکرێت، چونکە بارودۆخی سنووری هەرێمی کوردستان تائێستا بەهۆی مادەی (١٤٠) ەوە ڕوونو ئاشکرانییە».

لەبرگەی دووەمی مادەی دووەمی پـــرۆژەی دەســـتووری هـەرێـمـی کـوردســتـانـدا، ئـامـاژە بـە سنووری (سیاسی)ی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام ئەو ئەندامەی لیژنەی هەرێمو پارێزگاکان وتی «باشتر وابوو ئاماژە بە سنووری جوگرافی بکرێت نەک سنووری سیاسی، چونکە سنووری جوگرافی گرنگترە لە سنووری سیاسی».

هـــەرچـــەنـــدە ئـــەو نـــاوچـــانـــەی کێشەیان لەسەرە لەڕووی بەڵگەنامە مێژووییەکانەوە سەلمێنراوە کە لـەچـوارچـێـوەی سـنـووری هەرێمی کـوردسـتـانـدان، بـــەڵام لـــەڕووی سیاسییەوە ئێستا بەشێک لەو ناوچانە بەناوچە «جێناکۆکەکان» ناسراونو تائێستاش جێگەی مشتومڕن لەنێوان دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندیو سەرکردایەتی هەرێمی کوردستاندا.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «تائێستا چەندین ناوچەی هەرێمی کوردستان کێشەیان لەسەرەو یەکلایی نەبوونەتەوە، ئەوەی کە خۆمان هەمانەو لەدەسەڵاتی خۆماندایە دەتوانین لەدەستووردا جێگیریان بکەینو ئەو ناوچانەش کە کێشەیان لەسەرە لەدەستووردا جێیان بکەینەوە، بەڵام مەرج نییە لەدانوستاندا لەگەڵ حکومەتی ناوەندی سەرکردایەتی کورد بتوانێت قەناعەت بەبەرامبەرەکەی بکاتو داخوازییەکانی خۆی لەوبارەیەوە بهێنێتەدی».

دەربارەی ئەوەش کە ئایا بەشێکی ئەو کەمتەرخەمییە لەئەستۆی سەرکردایەتی کورددا نییە کە تائێستا نەتوانراوە ناوچە جێناکۆکەکان بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، د.ئەحمەد نکوڵی لەوە نەکرد کە گرفت لەئەدای ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیدا هەیە، وتیشی «هەرچەندە شەڕی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیش لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەردەوامەو ئێستاش دەستوور هەیەو حکومەت حکومەتێکی فیدراڵییە، وتی «ئێستا بەشێکی کەم نەبێت لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕوایان بەکێشەکانی کورد نییەو ئەو هەڵسوکەوتەشی کە ئێستا لەگەڵماندا دەیکەن بەهۆی ناچارییانەوەیە».

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، پێشتر مـادەی (٥٨) دیاریکراو دوای ئـەوەش مـادەی (١٤٠) جێیگرتەوەو دوابـەدوای ئەویش مادەی (٢٣)، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت کێشەی کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکان بێ چارەسەرکردن ماونەتەوە، ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی پێشیوابوو «لـەبـەرئـەوەی تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەران بـەرەو کۆتایی دەڕوات، بۆیە پێناچێت تاکۆتایی ئەمساڵیش بـڕیـاری چارەنوسساز لـەبـارەی کێشەی کـەرکـوکو ناوچە جێناکۆکەکانەوە بدرێت».

# دەستوورەکەی پەرلەمان دەرفەتی سێ خولی سەرۆکایەتی دەداتە بارزانی

شارا عەبدولڕەحمان

بەپێی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم، مەسعود بارزانی جگە لەم خولەی سەرۆکایەتی، بۆی هەیە بۆ دوو خولی داهاتووی سەرۆکایەتی هەرێم خۆی کاندید بکاتو (٨) ساڵی دیکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت (ئەگەر دەنگی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی بەدەستهێنا).

سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە بۆ (٢) خولی دوابەدواییەکی سەرۆکایەتی خۆی کاندید بکات، بێئەوەی خولی ڕابردووی بۆ هەژماربکرێت، ئەمەش بەپێی مادەی (٦٤) لە دوا ڕەشنووسی دەستووری هەرێمو لە ڕۆژی پەسەندکردنی دەستوورەوە ئەو مادەیە کاری پێدەکرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە دوێنێ پەرلەمانی کوردستان دەستووری پەسەندکرد.

لە مـادەی (٦٤)ی دەسـتـووردا هاتووە «ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم چوار ساڵە، کە لە ڕۆژی سوێندخواردنییەوە دەستپێدەکاتو دەکرێت بۆ ویلایەتی دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە».

تاریق جامباز، ئەندامی لیژنەی یاسایی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـانـیـش، ئـــەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە هەموو مادەکانی دەســتـــوورەکـــە لـــە ڕۆژی پەسەندکردنی دەستوورەکەوە کاریان پێدەکرێت، بەپێی مادەی (٦٤)ی دەستووریش مەسعود بارزانی خولی ڕابـردووی سەرۆکایەتی بۆ هەژمار ناکرێتو دەتوانێت هەشت ساڵی دیکە ببێتەوە بە سەرۆکی هەرێم.

# عیماد ئەحمەد وەڵامی بەهەدەردانی (٢١) ملیۆن دۆلار ناداتەوە

شارا عەبدولڕەحمان

دوای زیاتر لە مانگێک لە ناردنی پرسیارەکانی نووسینگەی سلێمانی پەرلەماندا بـۆی، عیماد ئەحمەد لـەسـەر بـەهـەدەردانـی نزیکەی (٢١) ملیۆن دۆلار لە پرۆژەیەکی ڕێگاوبانی سلێمانیدا بێدەنگەو وەڵامیان ناداتەوە.

زیاتر لە (٩) مانگە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکیان لـەسـەر خراپیی چەند پـرۆژەیـەکـی ڕێـگـاوبـانو کەمیی ئاوی خواردنەوەو گرانیی بازاڕو چەند کێشەیەکی دیکە «بە بەڵگەوە» ئاراستەی سەرۆکایەتی پـەرلـەمـان کـــردووە، تـا لـەوێـوە ئاراستەی حکومەت بکرێت، بەڵام تائێستا ئەندامانی نووسینگەی سـلـێـمـانـی هـیـچ وەڵامـێـکـیـان بەدەستنەگەیشتووەتەوە.

محەمەد ڕەفـعـەت، سەرۆکی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند:دوای تێپەڕبوونی (٩) مانگ بەسەر داواکارییەکەماندا، سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕایسپاردین کە ئەو پرسیارانەی کە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی کێشەکانی سلێمانی هەمانە، بیاندەینێ تا بۆیان ڕەوانە بکەن، ئێمە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابـــردووەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی وەزیرە پەیوەندیدارەکان بە کێشەکانی سلێمانی کردووەو (١٥) ڕۆژمان داونەتێ بۆ وەڵامدانەوە، بـەڵام ئـەوا مانگێک زیاتریشی بەسەردا ڕۆیشتووە وەڵامەکانمان بەدەست نەگەیشتووەتەوە.

سەرۆکی نووسینگەی سلێمانی ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە یەکێک لەو پرسیارانەی کە هەیانبووە لەسەر ڕێگای تاسلۆجە- سلێمانی بووە، کە نزیکەی (٢١) ملیۆن دۆلاری تێدا بەهەدەر ڕۆیشتووەو چەندین کەس بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە، هاوکات سێ ساڵیش لەوادەی دیاریکراوی خۆی درەنگتر تەواوبووە، وتیشی: «بـۆ ئـەو مەبەستە پرسیارمان ئاراستەی عیماد ئەحمەد، وەزیری ئەوکاتەی ئاوەدانکردنەوە کردووە بۆئەوەی بزانین بۆچی ئەو هەموو گەندەڵییە لەو پرۆژەیەدا کراوەو ئەو هەموو پارەیە بەهەدەر ڕۆیشتووە، بەڵام تائێستا وەڵامی نەداوینەتەوە، لەبەرئەوە کێشەکە دەدەمە دەست پەرلەمانی داهاتووی کوردستان بۆئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەنو بگەنە ئەنجام».

# واشنتۆن پۆست: «نەوشیروان مستەفا وەک پاڵێوراوێکی جەماوەریی ریفۆرمخواز دەرکەوتووە»

هەستیار قادر

ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی ئاماژە بەوە دەکات کە پێدەچێت دەستپێکردنی هەڵمەتی هـەڵـبـژاردنـی هەرێمی کـوردسـتـان تیشکبخاتەوە سەر ئاماژەکانی گەندەڵیو لادانە داراییەکانی نێو دوو حیزبە سەرەکییەکەی ئەو هەرێمەو نەوشیروان مستەفاش «وەک پاڵێوراوێکی جەماوەریی ریفۆرمخواز دەرکەوتووە».

بەپێی ڕاپـۆرتـە هـەواڵـێـک کە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمەریکی بـــڵاوی کــــردووەتــــەوە هەڵمەتی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان سەرەتای ململانێیەکی توندی لەنێو پاڵێوراوەکاندا هێناوەتە کایەوە، کە چـــاوەڕوان دەکـرێـت لە ڕێگەیەوە تیشک بخرێتە ســەر ئاماژەکانی گەندەڵیو لادانە داراییەکانی هەردوو حیزبە سەرەکییەکەو هەڵواسینی پۆستەرەکانیش بە دیوارو ئۆتۆمبێلی تاکسیو تەنانەت دارو درەختەکانیش ئاوێنەی هەستێکی گڕوتیناویی نوێیە بۆ هەڵبژاردن کە پێشتر هەردوو حیزبی کوردی سەرەکی دەسەڵاتیان بەسەردا کێشابوو ئێستاش داوای گۆڕانکارییان لێدەکرێت.

واشـــنـــتـــۆن پـــۆســـت ئـــامـــاژەی بەوەشداوە، کە نەوشیروان مستەفا وەک پاڵێوراوێکی ریفۆرمخوازی جەماوەریی دەرکەوتووە کە لەگەڵ گـــروپـــە سەربەخۆکەیدا کـــە نـــاوی گۆڕانی لەخۆی ناوە دەیەوێت ڕای ئەو کەسانە ڕابکێشێت کە بەهۆی ماندوبوونیان لە هەیمەنەی دوو حیزبە سەرەکییە کوردییەکەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێستا ناڕازینو دەشـڵـێـت: «(٢٤) کوتلەی سیاسی ڕکەبەری دەکـەن بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانو ژمارەیەک لە گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان هەوڵی لە کارلادانی یەکێتیو پارتی دەدەن کە هەوڵەکانیان کۆکردووەتەوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنو سەرجەم هێڵە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو هەرێمەیان بەدەستەوەیە بە کارو بازرگانیشەوە».

# لە زاخۆ گۆڤاری لڤین دەسووتێنرێت

هەستیار قادر

پاش ئەوەی هێزەکانی ئاسایش لە زاخۆ ژمارە (٩٤)ی گۆڤاری لڤینیان کۆکردەوەو سووتاندیان، گۆڤاری لڤین لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی ئەو کارە دەکـاتو داوا لە سەرۆکی هەرێمو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات لێپێچینەوەو هەڵوێستیان لەسەر ئەو ڕووداوە هەبێت.

لە بەیاننامەکەی لڤیندا کە دوێنێ بڵاوکراوەتەوەو وێنەیەکی بۆ ڕۆژنامە نێردراوە هاتووە: پاش ئەوەی ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٢٣) سەعات (١)ی دوای نیوەڕۆ هێزەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری زاخۆ هەڵیانکوتایە سەر کتێبخانەی (مەتینی یـەک) لـەو شـارە پاش هەڕەشەکردن لە خاوەنی کتێبخانەکە، برایەکی خاوەن کتێبخانەکەیان بە ناوی (باوەڕ ئەحمەد میقداد بەرواری) تەمەن هەژدە ساڵیان بۆ ماوەی بیستو چوار سەعات دەستگیرکرد، وە پێیانوتووە کە نابێت جارێکی دیکە گۆڤاری (لڤین) بفرۆشێتو تەواوی ژمارە (٩٤)ی گۆڤاری (لڤین)یان لە زاخۆ کۆکردەوەو سووتاندیان، «ئەم ڕووداوە لەکاتێکدا بوو کە سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڵێنی ئەوەی پێدان کە لە پشت میدیاوە دەوەستێتو هاوکارییان دەکات، بەڵام بەداخەوە وتەکانی سەرۆکی هەرێم لەم بارەیەوە تەنیا یەک سەعات بڕیان نەکرد».




گۆڤاری لڤین داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لێپێچینەوە لەم بـارەیـەوە بکاتو هەروەها داواکـــارن لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەڵوێستی ڕوونیان هەبێت لەم بـارەیـەوەو ئەم کـارە نایاساییەی ئاسایشی زاخۆ ئیدانە بکەن هەروەها داوا لە گشت ڕێکخراوەکانی بواری ئازادی ڕادەربڕین لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستان دەکات لەسەر ئەم کارە بێنە دەنگو ئەم کارەی ئاسایشی زاخۆ ئیدانە بکەن.

# دەستوور چۆن شەریعەتی ئیسلامو بنەماکانی دیموکراسی کۆدەکاتەوە؟

**ستارە عارف**

ڕۆژی (٦/٢٢) لە دانیشتنی خۆیدا، پەرلەمانی(ماوەبەسەرچوو) کوردستان بڕیاریدا هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمدا ریفراندۆم لەسەر دەستوور بکرێت، دوای پەسەندکردنی داوای حزبە ئیبسلامییەکانیش لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەرلەمان (شەریعەتی ئیسلامی) وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان لەدەستووردا پەسەندکرد.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەکۆبوونەویەکی نێوان سەرکردەکانی سەرۆکی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی (چوار حزبەکە) هەردوو حزبە ئیسلامییەکە داوایان لە سەرۆکی هەرێم کرد کە ئەگەر ئەو مادەیەی دەستوور بەوشێوەیە دابرێژرێتەوە کە ئێستا لە مادەی (٦)ی دەستووردا ئاماژەی بۆ کراوە، دەنگ بە دەستوور دەدەن، سەرۆکی هەرێمیش داواکەی پەسەند کردوون.

زۆرینەی شارەزایانیش گۆڕینی مادەی (٦)ی دەستوور بەمشێوەیەی ئێستا بە باش نازانن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە مادەکە لە ڕابردوودا باشتربوو.

لە مادەی (٦)ی دواڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا هاتووە: «ئەم دەستوورە دان بە ناسنامەی ئیسلامیی زۆرینەی گەلی هەرێمی کوردستاندا دەنێتو ڕێزی لێدەگرێت، دان بە تەواوی مافە ئایینییەکانی مەسیحیو ئێزیدییەکانو ئەوانی دیکەدا دەنێتو سەربەستیی بیروباوەڕو بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمو دابونەریتی ئایینی لە هەرێمدا بۆ هەموو کەسێک دابیندەکات، بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانو نابێت: یەکەم: یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام، دووەم: یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی، سێیەم: یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ ئەو مافو ئازادییە بنەڕەتیانەی لەم دەستوورەدا هاتوون».

سەبارەت بەو مادەیەی دەستووری هەرێم، ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم مادەیەی دەستوور لەبەر ڕۆشنایی دەستووری عێراقدا دارێژراوەتەوەو بارودۆخی ئەوکاتەی عێراق کە دەستووری تێدا نووسراوەتەوە، زۆر نالەباربوو»، هەروەک پێیوایە «ناڕۆشنییەک لە دەستووری عێراقدا هەیەو لە دەستووری هەرێمیشدا دووبارەکراوەتەوە، سیستمی سیاسی عێراق ڕوون نییەو دەستوور نەک کێشەکانی چارەسەرنەکردووە، بەڵکو وەک خۆی هێشتوونیەتەوە».

بەڕای شارەزایانی دەستووریو یاسایی ئەو سێ بڕگەیەی لەو مادەیەدا هاتووە، هەر یەکێکیان دەبنە مایەی ناکۆکی لە دەرکردنی هەر یاسایەک، بۆ نموونە ئیسلامییەکان بەپاساوی جیاواز هەمیشە دەتوانن ڕێگریی بکەنو دیموکراسیخوازو عەلمانییەکانیش بەومانایەی نابێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی ناکۆک بێت.

بەبۆچوونی ئاریز عەبدوڵڵا ئەو مادەیە دەبێتە مایەی تەمومژاوی کردنی سیستمی سیاسی عێراقو کوردستانو ڕێگردەبێت لە دەرکردنی ئەو یاسایانەی لە دواڕۆژدا پێویستە دەربچن.

بەپێی ڕەشنوسی یەکەمی دەستووری هەرێم، کەلە (٢٠٠٦/٨/٢٢) بڵاوکرایەوە، لەمادەی (٧)دا هاتووە: «ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ناسنامەی موسڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکاتو بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لەسەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان، هەروەها تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحیو ئێزدیو هی دیکە لە ئازادیی باوەڕو پیادەکردنی ئاین دەستەبەر دەکات.

هێشتنەوەی ئەو مادەیە بەشێوەی خۆی ناڕەزایی لای ئیسلامییەکان دروستکرد، دواتر بەپێداگریی حزبە ئیسلامییەکان ئەو مادەیە گۆڕا بەو شێوەیەی لەمادەی (٦)ی دوا ڕەشنووسدا هاتووە.

دلێر محەمەد شەریف، ئەندامی لیژنەی یاساییو دەستووریی پەرلەمان، ئاماژە بەوەدەکات، ئەو مادەیە پێشتر تەنیا لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامدا کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی یاسادانانەدا بوو، بەڵام گۆڕا بەدەقی ئەو مادەیەی لە دەستووری عێراقیدا هاتووە، بەوشێوەیەش هاتە ناو دەستووری هەرێمەوە، ئەم مادەیە لە عێراق لە ئەنجامی ململانێی جیاوازی ئایینیو ئایدۆلۆژیدا داڕێژراوە.

بەڵێن عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «وەک حیزبی زەحمەتکێشان (تەحەفوزمان) لەسەر ئەو مادەیە هەیە»، چونکە ئێمە وڵاتێکی دیموکراتو سیستمێکی حوکمڕانیی مەدەنیمان دەوێت، ئەم مادەیە ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو «ئەوەی پێشتر زۆر باشتربوو»، چونکە لەوەی پێشووتردا تەنیا ئەوە هاتبوو کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان مسوڵمانو لەکاتی داڕشتنی یاسادا شەریعەتی ئیسلامی لەبەرچاو دەگیرێت، ئەوەش دیاریکرابوو کە ئایینی دیکەش لە کوردستاندا هەیەو دەبێت ڕەچاوی پیرۆزیی ئایینەکانیان بکرێت.

سەبارەت بەبوونی تەحەفوز لەسەر ڕەشنووسەکەی ئێستا بەڵێن دەڵێت: «ئازادیی بیروباوەڕی تاکی کوردی لە دەستووری کۆندا بەرجەستە کرابوو، بەڵام لەمەی ئێستادا تێکەڵییەک لەنێوان بنەماکانی دیموکراسیو بیروباوەڕی ئاییندا دەکات»، بۆیە ئێمە تەحفوزمان لەسەر ئەو مادەیە هەیەو یاداشتمان لەم بارەیەوە بۆ سەرۆکی هەرێم دەبێت، «بە تێکڕایی دەستوورەکە شتی باشی تێدایە لەسەر سنووری کوردستانو مافی چارەی خۆنووسین، کێشەمان لەسەری نییە، تەنیا لەسەر مادەی (٦) قسەمان هەیە».

> **ئەو مادەیە پڕە لە ناکۆکی، لەلایەک دەبێت سیستمێک دابرێژرێت کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ هیچ بنەمایەکی شەریعەتی ئیسلام، لەلایەکی دیکەوە یاسایەک دانەڕێژرێت دژ بە بنەماکانی دیموکراسی بێت، کە ئەمانە پێچەوانەی یەکترن**

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان، پەخشان زەنگەنە وای دەبینێت دانانی ئەو مادەیە (مادەی ٦) لە ڕەشنووسەکەی ئێستادا، «خزمەت بە پرۆسەی سیاسی کوردستانو دەستوور ناکات»، لەوبارەیەوە وتی: ئەمە بەومانایە نایەت کە من دژ بە ئایینی ئیسلامم، بەڵام مەترسیم لەو مادەیە ئەوەیە کە کێ ڕاڤەی ئەو بنەمایانە دەکات، چونکە ئێستا زۆر گروپو حیزبی ئیسلامیی جیاواز هەن کە بەناوی ئیسلامەوە کاردەکەن، «مەترسیم لەوەیە کە هەریەکێکیان ڕاڤەی جیاجیا بۆ مەبەستی خۆیان لەسەر ئەم مادەیە بکەن، کە لە ئەنجامدا بەخراپی بەسەر خەڵکدا بشکێتەوە».

زەنگەنە دەڵێت «تەفسیر هەیە بەدروستی دەڵێت شەریعەتی ئیسلام لەگەڵ هەموو مافەکانی ژناندایە، تەفسیریش هەیە کە ژن بەنیوەی پیاو دادەنێت»، بۆیە کام ڕاڤەیان بۆ ئەم مادەیە دەکرێت، ئەمە دڵەڕاوکێ دروستدەکات.

لەدوای ٦/٢٢-ەوە زیاتر لە (٣٥) ڕێکخراوی مەدەنی لەدەرەوە یاداشتیان دایە دەست پەرلەمان بۆئەوەی لە دەستووردا ئایینو دەوڵەت لەیەکتر جیابکرێتەوە.

دلێر محەمەد شەریف، پێیوایە ئەم مادەیە لە گرنگترین مادەکانی دەستوورەو هەموو یاساکانی پاشتر لەسەر بنەمای ئەمە دادەڕێژرێنەوە، ئەو مادەیە پڕە لە ناکۆکی، لەلایەک دەبێت سیستمێک دابرێژرێت کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ هیچ بنەمایەکی شەریعەتی ئیسلام، لەلایەکی دیکەوە یاسایەک دانەڕێژرێت دژ بە بنەماکانی دیموکراسی بێت، کە ئەمانە پێچەوانەی یەکترن، ئەگەر لەگەڵ سروشتی سیستمی سیاسیدا ڕاستگۆبین، سیستمی سیاسی بۆخۆی فەلسەفەی حوکمە کە لەسەر بنەمای ڕێسای بارودۆخ دیاریدەکرێت، بەڵام «شەریعەتی ئیسلامی کە کەسمان لەگەڵیدا ناکۆک نین، پەیوەندی بە بیروباوەڕی تاکەکانەوە هەیەو لەسەر بنەمای سەوابتی قورئانو سوننەتی پێغەمبەرە»، لەم حاڵەتەدا کە ڕێسای بارودۆخەکان (قوانین وزعی) لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییو ئەو فەلسەفانەی لەناو کۆمەڵگادا دروستدەبێت، پێویستی بە گۆڕانی هەمیشەیی هەیە، بەڵام ئەگەر نەتوانرا هیچ یاسایەک دابرێژرێت، چونکە پەیوەندی بە ئەحکامی ئیسلامییەوە هەیە، ئەوکاتە ناتوانرێت هیچ دەستکارییەکی بکرێت، بۆیە بە قەناعەتی دلێر محەمەد «ئەم مادەیە زۆر ناکۆکە هەردوو ڕووی سیستمێکی ئیسلامیو دیموکراسی لەیەک کاتدا لەخۆدەگرێت، کە ئەمەش لە هەموو دونیادا لەگەڵ سیستمی حوکمدا ناکۆک دەبێت»، هەروەک دلێر محەمەد پێیوایە «ئەم مادەیە پێویست نەبوو، لە دەستووری عێراقدا دەبێت هەموو هەرێمەکان پێوەی پابەندبن، بۆیە لێرە دەبێت دەستوور تەنیا بۆ ئەو هاوڵاتییانە دابرێژین کە لەناو هەرێمی کوردستاندان»، پێشیوایە «گۆڕانی ئەم مادەیە بەمشێوەیە، فشاری ئیسلامییەکان بێت کە خرایە سەر پەرلەمانو لەئاکامدا بەمشێوەیە دارێژراوەتەوە».

# تورکمانەکان داوای هەرێمی سەربەخۆ

# عەرەبەکانیش داوای (٤٥٪)ی پۆستەکانی کەرکوک دەکەن

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

تورکمانەکانی پارێزگای کەرکوک داوادەکەن کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆو عەرەبەکانیش داوای نیوەی پۆستەکانی پارێزگاکە دەکەن، کە ئەوەش پێچەوانەی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، کە پۆستەکان بە ڕێژەی (٣٢٪) لەنێوان پێکهاتەکاندا دابەشکراون.

دوای بەسەرچوونی مادەی (١٤٠)و بێهیوابوونی عێراقییەکان لە جێبەجێکردنی مادەکە، لەساڵی (٢٠٠٨)دا یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق پەسەندکراو بەپێی مادەی (٢٣)ی یاساکە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا لیژنەیەکی حەوت کەسی پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی کەرکوک، لەدوو نوێنەری هەریەک لە کوردو عەرەبو تورکمانو یەک نوێنەری مەسیحی، مانگی تشرینی دووەمی (٢٠٠٨) بڕیاری دەستبەکاربوونیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەرچوو، پێویستبوو تا کۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ ڕاپۆرتێک ئامادەبکەن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی کەرکوکو پێداچونەوە بە تۆماری ڕەگەزنامەو دەنگدەرانو زیادەڕەوییەکانو لە کۆتایشدا دانانی یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک بەڵام نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێک.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لایەنە سیاسیو کەسایەتییە تورکمانەکان لەشاری بەغدا بەمەبەستی خستنەڕووی خواستەکانی تورکمان کۆنگرەیەکیان سازکردو دوای کۆنگرەکە بەیاننامەیەکان بڵاوکردەوەو بەپێی بەیاننامەکە تورکمانەکان داوادەکەن کەرکوک بکرێتە هەرێمی سەربەخۆو سەرژمێری لە پارێزگاکە دوابخرێت، جگە لەوەش داوا دەکەن هەریەک لە قەزاکانی (خورماتوو، تەلەعفەر) بکرێنە پارێزگا.

د.تورهان مەزهەر، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی بەرەی تورکمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەو کۆنگرەیەدا جگە لە حیزبە سیاسییەکان ژمارەیەک کەسایەتی تورکمانی بەشدارییانکرد، جگە لەوەش نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو عادل عەبدولمەهدی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ئامادەبوون، لەکۆنگرەکەدا تورکمانەکان داوایانکرد، کێشەی کەرکوک بەوە چارەسەر بکرێت کە پارێزگاکە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، جگەلەوەش داوامانکرد سەرژمێریی لەکەرکوک دوابخرێت.

وتیشی: « داوای ئەوەشدەکەین، قەزاکانی تەلەعفەرو خورماتوو بکرێنە پارێزگا، چونکە ڕێژەی دانیشتووانی ئەو دوو قەزایە زۆرنو مافی خۆیانە بکرێنە پارێزگا، ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری ئیداری لە عێراقدا».

هەرچەند بەپێی ڕێکەوتنی (٢٠٠٧/١٢/٢) نێوان هەردوو لیستی برایەتیو گردبوونەوەی کۆماری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک سەرجەم پۆستەکانی کەرکوک بە ڕێژەی(٣٢٪) دابەشدەکرێت، هەروەها هەمان ڕێژەی (٣٢٪) لە مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دیاریکراوە، سەرەڕای ئەو ڕێکەوتنانەی لەئێستادا عەرەبەکان داوای (٤٥٪)ی پۆستەکانی کەرکوک دەکەنو بە ڕێژەی (٣٢٪) ڕازینابن، بەتایبەت لەناوچە عەرەبنشینەکانی پارێزگاکە هەموو پۆستەکان دەبێت بۆ عەرەب بێت.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی (کورد) ڕایگەیاند: عەرەبەکانی کەرکوک داوای (٤٥٪)ی پۆستەکانی پارێزگای کەرکوک دەکەن، بەو هەنگاوەشیان جارێکی دیکە «ڕێگریی دروستدەکەن بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٢٣)و چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوک».




دوای شکستی لیژنەی مادەی (٢٣)، کێشەکە گەڕاوەیەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هەرچەندە بەپێی یاساکە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک دەربکات، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەو مەبەستە نەنراوە، ئەمە لەکاتێکدایە هەوڵە دەرەکییەکان بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە بەردەوامە؛ بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگهێشتی نوێنەرانی پێکهاتەکانی شارەکەی کردووە.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ماوەی(٥) ساڵە ئێمەی کورد لەگەڵ عەرەبو تورکمانەکاندا گفتوگۆدەکەین بۆئەوەی بگەینە ڕێکەوتن لەسەر کێشەکانی کەرکوک، بەڵام تائێستاش هەردوولا بەرنامەی خۆیان هەیە، بۆیە دانوستانەکانی هەرسێ پێکهاتەکە بێئەنجامبوونو لەئێستاشدا کێشەکە گەڕاوەتەوە ناو ئەنجومەنی نوێنەران، «ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەبینین لەچی دەردەسەرییەکدایە، بۆیە چارەسەری کێشەکە زیاتر دوادەکەوێت».

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگهێشتی نوێنەرانی پێکهاتەکانی کەرکوکی کردووە بۆسەردانێکی ئەو وڵاتە، ئەویش بەمەبەستی لێکتێگەیشتنی هەموو لایەنەکانو لە نزیکەوە ئاگاداربوونی بەرپرسانی تورکیا لە کێشەکانی کەرکوکو دواتریش پێشنیازی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

# پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانی بۆری (GRP)ی تێدا بەکارهاتووە کە لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ زێراب بەکاردەهێنرێت

ڕۆژنامە

«جێبەجێکردنی پرۆژەکە وەکو ئەوەی ئێستا هەیە، خیانەتێکە لە ئەمانەتی شاری سلێمانی کراوە، ئایا وەفای حکومەتی هەرێم بۆ سلێمانی ئەوەیە بەبۆری زێراب ئاوی خواردنەوەی بۆ دابین بکات؟»

پــرۆژەی هێڵی دووەمــی ئاوی دوکان- سلێمانی جگە لەوەی بۆری (دیکتایەڵ)ی تێدا بەکارنەهێنراوە کە هەموو پرۆژەیەکی لەوشێوەیە بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێت بۆری دیکتایەڵی تێدا بەکاربهێنرێت، لە هەمانکاتدا بـۆری (GRP)ی تێدا بەکارهێنراوە، کە ئاسنەو مادەی فایبەر گلاسی تێکەڵەو لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ زێراب بەکاردەهێنرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی ئەو دیزانە بنەڕەتییەی کە کۆمپانیای (earth tech)ی ئەمریکی بۆ پرۆژەکەی ئامادەکردووە، «دەبێت تەنیا بۆری دیکتایەڵ بەکاربهێنرێت». ئەمەش جگە لەوەی پارەیەکی کەمتری تێچووە بەوپێیەی جیاوازیی نرخی نێوان بۆری دیکتایەڵو (GRP) سەدان قاتە، لە هەمانکاتدا «بـۆری (GRP) سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ نەخۆشیی شێرپەنجە».

ســەرچــاوەیــەکی زۆر نزیک لە پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، بەڵام ئامادەیە شایەتیی بدات لەسەر کەموکورتییەکانی پرۆژەکە لە دادگا ئەگەر داواکاری گشتی بتوانێت سکاڵا لەسەر ئەنجامدەرانی ئەو پرۆژەیە تۆماربکات، وتــی: «جێبەجێکردنی پرۆژەکە وەکو ئـەوەی ئێستا هەیە، خیانەتێکە لە ئەمانەتی شاری سلێمانی کراوە، ئایا وەفای حکومەتی هەرێم بۆ سلێمانی ئەوەیە بە بۆری زێراب ئاوی خواردنەوەی بۆ دابین بکات؟».

## سەرەتایەکی ئاڵۆز

لـەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق چەند پرۆژەیەکیان ئەنجامداو لەو چوارچێوەیەشدا بڕیاریاندا پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانی جێبەجێبکەن، بەڵام دواتر پرۆژەکەیان لە سلێمانی ئەنجامنەداو گواستیانەوە بۆ شاری ناسریەی باشووری عێراق، تائێستاش هیچ بەرپرسێکی حکومیی ڕوونیان نـەکـردووەتـەوە کە بۆچی ئەمریکییەکان پرۆژەیەکی ستراتیژییان گواستەوە بۆ شارێکی دیکەی عێراق.

دوای چەندین ساڵ لەگرفتی کەمئاویی لە شاری سلێمانیدا، حکومەتی هەرێم بڕیاریدا خۆی پرۆژەکە ئەنجامبدات، دوای گۆڕینی چەند کۆمپانیایەکی لۆکاڵی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، دواجار جێبەجێکردنی پرۆژەکە درا بە کۆمپانیای توژەڵە کە سەر بە گروپی کۆمپانیاکانی (نۆکان)ەو بەڕێوەبەرێتی ئــاوی ســلــێــمــانــی ســەرپــەرشــتــی پرۆژەکەی دەکرد، دوای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانییەوە ئەو کەرەستەو نموونانەی لایەنی جێبەجێکار کە کۆمپانیای توژەڵە لە ڕێگای کۆمپانیای کاربتی تورکییەوە ئامادەی دەکــرد، ڕەتــدەکــرایــەوە، بە بڕیارێکی تایبەتی سەرپەرشتیکردنی پـرۆژەکـە لە بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانی سەندرایەوەو لیژنەیەکی (٤) کەسی بۆ پێکهێنرا، کە پێکهاتبوون لە: (عەلی فەتاح، بەهرۆز قەشانی، فەرەیدون عیزەت کابانو فەرهاد محەمەد)، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە سێ کەسی ناو ئەو لیژنەیە سەر بە کۆمپانیای توژەڵەنو فەرهاد محەمەدیش بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانییە.

سەرچاوەکەی ڕۆژنامە ئاماژەی بـەوەکـرد، کـە «هــەر لــەســەرەتــای وەرگــرتــنــی پــرۆژەکــەوە لــەلایــەن کۆمپانیای تــوژەڵــەوە، کێشە کەوتە نێوان بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانیو کۆمپانیای ناوبراو لەسەر چۆنێتی کارەکانیان»، وتیشی: «کۆمپانیای توژەڵە هەر لەسەرەتاوە بە حوکمی دەســەڵات کاریدەکرد، نـەک بەپێی مـواسـەفـاتو ستانداردەکانی نێو دیزاینەکە.

## گەندەڵییەکان لە پرۆژەکەدا

ئــەو ســەرچــاوە ئــاگــادارە ڕوونیشیکردەوە، کە دوای وەرگرتنی پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیای توژەڵەوە، لیژنەکە سەفەرێکی تورکیایان کردو دوای گــەڕانــەوەیــان ڕاستەوخۆ پرۆژەکەیان لە کۆمپانیای کاربت وەرگـرتـەوەو درا بە کۆمپانیایەکی دیکە بـە (٥) ملیۆن دۆلار زیاتر لەو بودجەیەی بۆی دیاریکرابوو، سـەرچـاوەکـە وتیشی: «ئێستاشی لەگەڵدا بێت کۆمپانیای توژەڵە نە بە زارەکیو نە بە نووسراوی ڕەسمیی ڕوونیان نەکردووەتەوە لەبەرچیو لەسەر چ بنەمایەک بە زیاتر لە (٥) ملیۆن دۆلار پرۆژەکەیان دایە ئەو کۆمپانیا نوێیە».

یەکێکی دیکە لــەو سەرپێچییە ترسناکانەی لە پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانیدا ئەنجامدراوە، گۆڕینی مواسەفاتی بۆرییەکانە کە لەو دیزاینە سەرەکییەی کۆمپانیای (earth tech)ی ئەمریکی ئامادەیکردووە، هەموو بۆرییە بەکارهاتووەکان دەبێت دیکتایەڵ بێت، هــەروەک لە دیزاینی (P-0050 (sheet- identification) ئاماژە بــەوەکــراوە کە بۆرییەکانی هەریەکە لە (wall pipe، floor pipe، collar dimenstion) دەبێت (دیکتایەڵ) بێت، وەکو لە نەخشەی دیزانەکەدا دیارە، بەڵام لە پرۆپۆزەڵی ئامادەکردنی تەندەرەکاندا بۆ کڕینی بۆرییەکان، تایپی بۆرییەکان کراوە بە دیکتایەڵ یان ستیڵ کە مەبەست لە ستیڵ بۆری (GRP)یە، کە ئەوەش «هەم لە جــەدوای تەندروستی پرۆژەکەی کەمکردووەتەوە کە ئەوجۆرە بۆرییە سەرچاوەی نەخۆشیی شێرپەنجەیە، لە هەمانکاتیشدا نرخەکەی زۆر هەرزانترە لە بۆری دیکتایەڵ».

فەرهاد محەمەد، بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی کە خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی لیژنە (٤) کەسییەکە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، بۆری دیکتایەڵیان لــەبــەرئــەوە بەکارهێناوە، چونکە دابینکردنی دیکتایەڵ کاتی زۆری دەویست، بەوپێیەی دەبوایە بۆری دیکتایەڵ بەپێی دیزاینی نەخشەی پرۆژەکە لە کۆمپانیا ئۆرجیناڵەکان دروستبکرایە، فەرهاد محەمەد وتیشی: «ئەگەر چــاوەڕوانــی دروستکردنی بۆری دیکتایەڵمان بکردایە، ماوەی پرۆژەکە دوو ساڵی دیکەی پێدەچوو، ئێمەش بۆ زوو تەواوکردنی پرۆژەکە بۆری (GRP)مان بەکارهێناوە»، بەڵام ڕەتــیــکــردەوە کــە بــۆری (GRP) نەشیاوبێت بۆ ئاوی خواردنەوە.

بــەڵام ســەرچــاوە نزیکەکە لە پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانییەوە تەحەدای ئەوەی کرد کە لە هیچ پرۆژەیەکی ئاوی ستراتیژیدا بۆری (GRP)ی بەکاربهێنرێت، چونکە وەک ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ کرد بۆری (GRP) تەنیا لە زێرابدا (ئاوەڕۆ) بەکادەهێنرێت، چونکە مادەی ئاسنو فایبەر گلاسی تێدایە کە ژەنگ دەکاتو مەوادی سەرەتانی تێدایە.

ســەرچــاوەکــەی ڕۆژنــامــە ڕوونــیــکــردەوە کــە «تــەنــانــەت لە شارۆچکەیەکی بچووکی باشووری عێراق کە نــاوی (چبایش)ە، بۆری دیکتایەڵ لە پــرۆژەی ئاوەکەیاندا بــەکــارهــاتــووە نــەک (GRP)، کە ئەمریکییەکان جێبەجێیان کردووە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد کە «لەبەر گرانییو درێژەکێشانی پــرۆژەکــە نــەدەبــوایــە پرۆژەیەکی ستراتیژیی بە بۆری (GRP) بکرایە کە بۆری زێرابە»، وتیشی نزیکەی (١) ملیۆن لە دانیشتووانی شاری سلێمانی گیانیان لە مەترسیدایە، لەبەرئەوەی «ئــەو بــۆریــانــەی بــەکــارهــاتــوون سەرچاوەی سەرەکین بۆ توشبوون بەنەخۆشیی شێرپەنجە».

بەشێکی دیکە لە کەموکورتییەکانی پرۆژەکە بریتییە لە بەکارهێنانی بۆری (UPVC) لە حەوزی کلاریفایەرەکاندا، کە بەپێی دیزاینەکەی کۆمپانیای (earth tech)ی ئەمریکی دەبوایە دیکتایەڵ بوایە، ئێستا کلاریفایەرەکان کــە بــۆری (یــو پــی ڤــی ســی) تێدا بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی کە ئەوجۆرە بۆرییە مادەیەکی لاوازە بە بەراورد بە دیکتایەڵ، لەبایەخی پرۆژەکەی کەمکردووەتەوەو «بەکارهێنانیشی تەنیا لەبەر هەرزانییەکەی بــووە، پێدەچێت لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا کێشەیان تێبکەوێت».

هــەروەهــا لــە بەشێکی دیکەی پرۆژەکەدا لەبری بۆری (دیکتایەڵ ٢٠٠ملــم)، بــۆری (پۆلی ئەسیلین) بەکارهێنراوە، ئەویش پێچەوانەی مواسەفاتی دیزاینەکەی کۆمپانیای (earth tech)ی ئەمریکییە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هێڵی گواستنەوەی ئاوە پاکەکە لە تاسلۆجەوە بۆ سلێمانی «دەبــوایــە دیکتایەڵ بــوایــە، بــەڵام (GRP) بەکارهاتووە کە نە لە دیزاینە سەرەکییەکەدا بوونی هەیەو نە لەڕووی تەندروستیشەوە ڕێگاپێدراوە».

ســەرچــاوەکــەی ڕۆژنــامــە ڕوونیکردەوە «نزیکەی (١٥٠) ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان- سلێمانی دیاریکراوە، بەڵام ئەو کەرەستەو مەوادانەی ئێستا لە پرۆژەکەدا بەکارهاتوون، تەنیا بە (٤٥ بۆ ٥٠) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت».

سەرچاوەکەی ڕۆژنامە کە دووبارە جەختی کــردەوە لەسەر شایەتیدان لە دادگا لەسەر ئەو زانیاریانە، وتی: «ئەم تاوانەی کە لەو پرۆژەیەدا کراوە، ئەگەر لە وڵاتــی یاساو حکومەتی دامەزراوەییدا ئەنجامبدرایە، سەرجەم لایەنە سەرپەرشتیارەکانی پرۆژەکەو کۆمپانیاکانو ئەندازیارەکان دەدران بە دادگاو سەندیکای ئەندازیارانیش بــڕوانــامــەی ئــەنــدازیــاریــی لە ئەندازیارەکان دەسەندەوە».



بۆریە کۆنەکانی هێڵی دووەمی ئاوی دوکان–سلێمانی کە دووبارە بەکارهاتوونەتەوە فۆتۆ: عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

# ـــت ئەم دەسەڵاتەش بگـۆڕێت
# ـــــەم چەند ڕۆژەش نەمانبێت
# ـــەی پەرلەمانێکی چالاکو ڕاستەقینەوە دەکرێت

بۆ ئەو پرسیارە گرنگانە، ئەو دیالۆگەی هەمیشە بەرپرسە حیزبییەکان باسیدەکەن کە دەستێوەردانی حیزب لە حکومەت جیابکەنەوە، بەبڕوای من ئەم کارە تەنیا لە ڕێگای پەرلەمانێکی چالاکو ڕاستەقینەوە دەکرێت، یان ڕەسەنی یەکگرتنەوەی دیاردەی دوو ئیدارەیی ڕەنگە لەم پەرلەمانەدا چارەسەربکرێت، یان چارەسەرکردنی مادەی (١٤٠)و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، شەفافی لە بودجەی هەرێم لەم پەرلەمانەدا دەبێت چارەسەربکرێت کە لەماوەی ڕابردوودا پارتیو یەکێتی چارەسەریان نەکرد، ئەمانە هەموو دەبێت دەنگدەر لەبەرچاوی بێت لەکاتی دەنگداندا چۆن دەنگدەدات، بەواتایەکی دیک دەنگدەر دەبێت دادگایی عەقڵی خۆی بدات لەکاتی دەنگداندا.

**ڕۆژنامە: جەنابت تا چەند ڕازیت لەوکارانەی لەماوەی ڕابردوودا کراون لەژێر دەسەڵاتی پارتیو یەکێتیدا؟**

* گلەییم زۆر هەیە لەو کارانەی تائێستا کراون، بەڵام لەسەر ئەو لیستانەشە کە باوەڕ بە هاوڵاتییان بکەن کە ئەوان بەرنامەیەکیان پێیە دەتوانن گۆڕان دروستبکەنو باشتر خزمەت بە هاوڵاتییان بکەن لەوەی پارتیو یەکێتی کردوویانە، ڕاستە پارتیو یەکێتی زۆر شتیان فەرامۆشکردووە، بەڵام کاری باشیشیان کردووە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئۆپۆزسیۆن چۆن دەتوانێت گۆڕان دروستبکات لەناو دەسەڵات یان لەدەرەوەی دەسەڵاتدا؟**

* ئۆپۆزسیۆن دەبێت بتوانێت لەناو دەسەڵاتو لەدەرەوەی دەسەڵاتدا گۆڕان دروستبکات، خۆی ئەمەیە جیاوازیی سیستمێکی دەستووری دیموکراسی لەگەڵ سیستمی دیکتاتۆریی، بۆیە ئەم هەڵبژاردنەی ئێستامان بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە وەک پرۆسەیەک دەتوانێت گۆڕان دروستبکات، بە حکومی ئەوەی لیستی جیاواز هەبووە، هەنگاوێکی گەورەشە بەرەو گۆڕان، ئەگەر ئەم گۆڕانە شێوەیەکی شکڵی وەربگرێت، ئەوا ئێمە بە پرۆسەیەکی میکانیزمی هەڵبژاردندا دەڕۆین، یان ئەوەیە دەمانەوێت لە سروشتو پێکهاتەی شێوەی ئەو پەرلەمانە ڕەنگبداتەوە کە دێتە پێشەوە، چونکە پەرلەمان لە هەموو دونیادا دەتوانێت دەسەڵاتێکی گرنگی یاسا دەرکردنو چاودێریکی باشی کارەکانی حکومەت بێت، بەڵام پەرلەمانی کوردستان نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە گرنگە ببینێت لەبەرئەوەی ڕەنگە هەرئەوەندە لە توانای گروپی سیاسیو حیزبو خەڵکدا هەبووبێت.

**ڕۆژنامە: تاچەند لەگەڵ گۆڕانی ئەم سیستمەی حوکمڕانیدایت؟**

* لەگەڵ گۆڕاندام، چونکە گۆڕان بەشێکە لە سیاسەت، کە گۆڕانیش هاتەپێشەوە، هەڵبژاردن سەروسیمای خۆی هەیە، بەشێوەیەکی دەستووریيو دیموکراسی دەبێت هەردوو لایەنی ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا یەکتری قبوڵ بکەن، دواتر لە ئەنجامدا ئەو دەسەڵاتە دەگۆڕێت، کە گۆڕان لە دەسەڵاتدا نەبوو، هەڵبژاردن تەنیا میکانیزمێک دەبێت، چونکە لە وڵاتی دیکتاتۆریشدا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، بۆئەوەی شەرعیەت بداتەوە بەخۆی.

**ڕۆژنامە: ئایا پەرلەمان کە نەزانێت پارتیو یەکێتی چەند پارە لە حکومەت وەردەگرن، ئیتر چۆن دەتوانێت بەشێوەیەکی شەفاف گفتوگۆ لەسەر بودجەی هەرێم بکاتو چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات؟**

* دەبێت پەرلەمان بزانێت پارتیو یەکێتی چەند پارە لە حکومەت وەردەگرن، چونکە یەکێک لە کارەکانی پەرلەمان چاودێریکردنی حکومەتە، دەبێت ئاگاداربێت لەو بودجەیەی حکومەت کە چۆن سەرفی دەکات، ئەگەر ئەم کارانەی پێنەکرا، ئەوا ناتوانین بڵێین پەرلەمانێکی ڕاستەقینەمان هەبووەو جێگای متمانەی خەڵک بووە، دەبێت خەڵکیش ئەوەندە هۆشیاربێت کە پەرلەمانێکی لەمجۆرە هەڵنەبژێرێت، نابێت هاوڵاتی لەکاتی دەنگداندا بەسۆزی حیزبایەتیو دەمارگیریی دەنگ بدات، دەبێت لە هەستێکی بێلایەنیو پشتبەستن بە بەرنامەی هەڵبژاردن دەنگ بدات، دەبێت هاوڵاتییان بەراوردبکەن لەنێوان پەرلەمانی (١٣)ساڵی ڕابردوو لەگەڵ ئەم پەرلەمانەی ئێستا دروستدەبێت، ئەوکات بڕیاربدات دەنگ بە چ لیستێک دەدات، پەرلەمانی ڕابردوو هەرئەم کارانەی لێ چاوەڕوانکراوە بیکات، چونکە ئۆپۆزسیۆنی تێدانەبووە، پەرلەمان لەژێر دەستی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا بووە.

**ڕۆژنامە: تۆ تا چەند لەگەڵ ئەوەدایت پرۆژەیاسای دەستوور، پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو بەم پەلەکردنە پەسەندی بکاتو لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ڕاپرسی لەسەر بکرێت؟**

* قسەکردن لەسەر دەستوور فاکتەری نەبوونی دەستوورەکە دەبوایە لەساڵی (١٩٩٢)دا دەستوورێکمان دەربکردایە، یان کاتێک بانگەشەی فیدراڵیمان کرد، دەبوایە ئەوکات دەستوورمان هەبوایە، بەداخەوە سێ ساڵە پەرلەمانی کوردستان گوایە دەستوورێک دەردەکات کە نەیکردووە، نازانم بۆ، کە دەبوو سێ ساڵ پێش ئێستا ئەو دەستوورە پەسەند بکرێت، پەرلەمان خۆشی دابڕاوە لە فاکتەرێکی گرنگی وەک دەستوور، لەماوەی ڕابردوودا بەبێ دەستوور کاریکردووە، کە ئەمە کەموکوڕییەکی گەورەیە بۆ پەرلەمانی کوردستانو ئەو دەسەڵاتە حوکمڕانییەی کە ئێستا هەمانە، پەسەندکردنی دەستوورو درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان، ئەمانە نیشانەی پرسیاریان لەسەرە لەلایەن هاوڵاتییانو چاودێرانی سیاسیشەوە، زۆرێک لە پەرلەمانتارەکانیش ناتوانن بڕوابەخۆیان بهێنن درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان یاسایی بوو یان نایاسایی بوو، کە ئەم گومانەش هەبوو بەپێی یاسا ناتوانیت بڕیار لەسەر دەرکردنی ڕۆحی یاسا بدەیت، بۆ دەبێت پەرلەمان لەماوەی بەسەرچوویدا کارە گرنگەکان بەڕێبکات، خۆ ئیشی پەرلەمان بەڕێکردنی کارەکان نییە، پەرلەمان کاری نەتەوەیەک دەکات.

**ڕۆژنامە: تۆ پرۆژەی دەستوورت بینیوە؟**

* دوو ساڵ پێش ئێستا بینیومە ئێستا نازانم چی لێهاتووە، بیستوومە نیوەی ئەندام پەرلەمانەکان ئەو پرۆژەیاسایەیان نەبینوە، لە پەرلەمانی کوردستان دەپرسم بۆ پەلەدەکات لە جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە، دەیەوێت بەم چەند ڕۆژە پەسەندی بکات، لۆژیکی ئەم کارە لەچیدایە، ئێمە (١٨) ساڵە نەمانتوانیوە دەستوورێکمان هەبێت، با ئەم دوو مانگەش چاوەڕێ بکەین تا پەرلەمانێکی لێزانو باشتر بێتە پێشەوە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵبدات دەستوورێکی باشمان بۆ بەرهەم بهێنێت، من ئەم کارە بەباش دەزانم لەوەی ئێستا پەرلەمان دەیەوێت بیکات، بەڵام ئەگەر تۆ لێم بپرسیت بۆچی دەسەڵات دەیەوێت بەم چەند ڕۆژە دەستوور پەسەند بکات؟ منیش دەڵێم وەڵا نازانم.

**ڕۆژنامە: بەبڕوای تۆ ئێستا پەرلەمان چ کارێک دەکات؟**

* پەرلەمان ئێستا تەنیا کارەکان بەڕێدەکات، کە ئەمەش بۆ مێژووی پەرلەمانو ڕووخساری پەرلەمان کە دەبێت ڕووخسارێکی یاسایی هەبێت کارێکی زۆر خراپە، لەسەر پەرلەمان قورس دەکەوێت، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری بدایە (٥/١٩) هەڵبژاردن بکرێت، ئێستا تووشی ئەم کارە نایاساییانە نەدەبوو، دواخستنی هەڵبژاردن لەسەر هیچ بنەمایەک نەبوو، کاتێک خەتاکەیان کردە ئەستۆی کۆمسیۆن، بێبنەمابوو، تائێستاش نازانم بۆ هەڵبژاردن دواخرا، کە ئێستا پەرلەمانیش بەرەوڕووی ئەم کێشانە نەدەبووەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا ڕاگەیاندن لەم هەڵبژاردنەدا دەبێت چی ڕۆڵێک بگێڕێت؟**

* ئەم هەڵبژاردنە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تاقیکردنەوەیەکی گرنگ دەبێت بۆ ڕوماڵکردنی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی بێلایەن، ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە تاقیکردنەوە بۆ ڕۆژنامەی کوردی، ڕاگەیاندن دەبێت زانیاریی هەبێت لەسەر هەڵبژاردنو بزانێت چۆن ڕوماڵی هەڵبژاردنەکان دەکات، لە ڕوانگەیەکی بێلایەنییەوە بڕوانێتە پرۆسەکە، چونکە ڕاگەیاندن ئەو هەڵبژاردنە بۆخۆی ڕوماڵی ناکات، بەڵکو بۆ خەڵکی دەکات، بۆیە دەبێت بە ئامانەتەوە ڕاستییەکان بگەیەنێتە هاوڵاتییان، ڕاگەیاندن دەتوانێت بەزانیاری نادروست هاوڵاتییان چەواشە بکات.

**ڕۆژنامە: بەبڕوای ئێوە ئەم هەڵبژاردنە هیچ توندوتیژییەکی لێدەکەوێتەوە؟**

* ئەوەندەی من خەڵکی کوردستان بناسم، جارێکی دیکە ئامادەنابن شەڕی براکوژیی بکەن، ئەگەر دەسەڵاتبەدەستانیش خەڵک هانبدەن، خەڵک ئەو کارەیان بۆ ناکاتو هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە نایانەوێت تووشی نەهامەتیو دەربەدەری ببنەوە، چونکە ئێمە شەڕمان حەرامکردووە، بڕواش ناکەم جارێکی دیکە ئەو ڕووداوەی ساڵی (٢٠٠٥)ی بارەگای یەکگرتوو لە شاری هەولێر دووبارە ببێتەوە لەم هەڵبژاردنەدا، چونکە هاوڵاتییانی کوردستان هۆشیاربوونەتەوەو ئامادەنین لەسەر قسەی هەندێک دەسەڵاتبەدەست ئەم بارەدۆخە تێک بدەن.

**ڕۆژنامە: با پرسیارێکی شەخسیت لێبکەم، بەڕێزتان دەنگ بە چ لیستێک دەدەن؟**

* کاتێک مرۆڤ دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان، خۆی لەبیردەکات، بۆیە من بڕیارمداوە هەر لیستێک بتوانێت پەرلەمانێکی چالاک لەم پەرلەمانەی کە ئێستا هەیە، دروستبکات، دەنگ بەولیستە دەدەم، چونکە من دەنگ بەکەسو حیزب نادەم، دەنگ بە بەرنامە دەدەم، باوەڕم بە گۆڕان هەیەو دەبێت ئەم دەسەڵاتەش بگۆڕێت.

> د.شەفیق قەزاز
> لە دایکبووی ١٩٣٤
> بەکالۆریۆس لە کۆلێژی کارگێریو ئابوری زانکۆی بەغدا
> ماستەر لە دیبلۆماسی ئابروی نێودەوڵەتی زانکۆی کەنتاکی ئەمریکا
> دکتۆرا لە پەیوەندی نێودەوڵەتی لە زانکۆی (ئەمریکا-واشنتۆن)
> لە کابینەی سێو چواری حکومەتی هەرێم وەزیری مرۆڤایەتی بووە
> خاوەنی فەرهەنگی شارەزورە (کوردی-ئینگلیزی)
> ئێستا سەرۆکی ئەکەدیمیای کوردیە لە هەولێر

## ڕوونکردنەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان دوای (١٣ ) ڕۆژ دەنێرێتەوە پەرلەمان نەوەکو دوای (٤٠) ڕۆژ !!!

ڕۆژنامەکەتان لەژمارە (٤٩٥) ڕۆژی دوشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٢، لەلاپەڕەی (٣)دا بابەتێکی بەناونیشانی ( دوای (٤٠) ڕۆژ سەرۆکی هەرێم یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بەنوسینی ( بەهادین یوسف ) بڵاوکردووەتەوە. لەمبارەیەوە ئەم ڕوونکردنەوەیەتان دەنێرین.

بەپێی خاڵی ٢ی بڕگەی یەکەمی مادەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو یاساو بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان تەشریعیان دەکات لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا، لە ڕۆژی گەیشتنیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەربکات یان بگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان. ئەم ماوەی پانزە ڕۆژە لە ڕۆژی بڕیاردانی پەرلەمانەوە لە بۆ سەر یاساو بڕیارەکان ناژمێردرێت، بەڵکو لە ڕۆژی وەرگرتنیان لەدیوان بەفەرمی واتا ئەو کەسەی کە دەیهێنێتو ئەو کەسەی وەریدەگرێت، ئیمزای دەفتەری تایبەتی وەرگرتنی یاساکان لەپەرلەمانو لەدیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن.

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/٥/١١ لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لە سەر دراوە، بەڵام ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٦ بەنوسراوی پەرلەمان ژمارە ٧٥٣/٣/٤ نێردراوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتیو لەهەمان ڕۆژیش بەشێوەی فەرمی لەدیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٩ دەربارەی گەڕاندنەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان ئیمزا کردووەو دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٨ بەنووسراوی ژمارە د_٢٣٩ بڕیارەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، واتە دوای (١٣) ڕۆژ لەڕۆژی وەرگرتنی لە ٢٠٠٩/٥/٢٦ بەشێوەیەکی فەرمی.

بێگومان ئەم ڕاستیانەش ئەوە دەسەلمێنن کەیاسایەکە لەچوارچێوەی ماوە یاساییەکەدا گەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، نەوەکو دوای (٤٠ ) ڕۆژ هەروەکو لەڕۆژنامەکەتان بڵاوکراوەتەوە.

بۆیە بۆئەوەی جارێکی دیکە ڕۆژنامەکەتان تووشی ئەمجۆرە ئیشکالیەتە یاساییانە نەبێتەوە، باشتروایە لێرە بەدواوە پشت بەسەرچاوەی ڕاستو دروستتر ببەستنو پەیوەندی بەکەسانی پەیوەندیدار لەدیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانو کەسانی دیکەی پەیوەندار لەم بارەیەوە بکەن.

لەگەڵ ڕێز

**وتەبێژێک لەبەشی یاسایی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
٢٠٠٩/٦/٢٢

# د. شەفیق قەزاز: باوەڕم بە گۆڕان هەیەو دەبێـ
# (١٨) ساڵە دەستوورمان نییە، با ئـ
# جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت، تەنیا لە ڕێگـ

**د.شەفیق قەزاز، کەسایەتی تەکنۆکراتو وەزیری پێشووی پەیوەندیو هاوکاری حکومەتی هەرێم (ئیدارەی هەولێر) لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەدا ئاماژە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکاتو پێیوایە «گۆڕان کارێکی حەتمییەو باوەڕیشی بە گۆڕانەو بەپێویستی دەزانێت ئەو دەسەڵاتەی ئێستا هەیە گۆڕانکاریی بەسەردابێت. سەبارەت بە پرۆژەیاسای دەستووریش دەڵێت: «هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوەدانیم کە دەستوور بەم ماوە کەمە پەسەند بکرێتو پەلەی تێدابکرێت، چونکە (١٨) ساڵە دەستوورمان نییە، با ئەم چەند ڕۆژەش نەمانبێت».**



**سازدانی: سامان بەشارەتی**

**ڕۆژنامە: (٧/٢٥) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت، خەڵکی هەرێمی کوردستانیش خۆشحاڵن بە بوونی لیستی جیاواز لەم هەڵبژاردنەدا، ئێوە چۆن ئەم هەڵبژاردنە هەڵدەسەنگێنن؟**

* هەڵبژاردن مانای وایە گروپێک هەیە دەیەوێت لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەمە وەک میکانیزمی هەڵبژاردنەکە، بوونی لیستی جیاواز لە هەڵبژاردندا، مانای گۆڕانە لە دەسەڵاتی حکومڕانیی وڵاتدا، جیاوازیی ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی (٧/٢٥) لەچەند خاڵێکدا دەبینم، ئەمجارە هەڵبژاردنی کوردستان دیاردەی ئۆپۆزسیۆن بەخۆیەوە دەبینێت بەشێوەیەکی بەرفراوان، دەبێت ئەم دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنەی کە دروستدەبێت بتوانێت گۆڕانکارییەکی نەوعی بکات لە چۆنێتی حکومڕانیدا، نەک ببێتە دووبارەکردنەوەی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی، ئەم لیستەی لەم هەڵبژاردنەدا خۆی وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دەرخستووە، دەبێت ببێتە وەسیلەیەکی گەیاندنی دەنگی خەڵک بە دەسەڵاتو ڕاگەیاندنەکان، بۆئەوەی گلەییو گازاندەکانیان بکەن، بەو واتایە دەبێت ئۆپۆزسیۆن دەنگێک بێت لەو دەنگانەی کە بێدەنگن، کە هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجامدەدرێت، دەبێت ببێتە نوێنەری خەڵک، یان دەبێت بەدیلێکبن بۆ ئەم دەسەڵاتە، بەدیلێکی ڕاستەقینەو ڕەسەنبن بۆ ئەو حکومەتەی ئێستا حکومڕانەو ئەو دەسەڵاتە دەیەوێت باشتربێت لەوەی هەیە، کە ئەم کارانەیان کرد، ئەوکات دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەو جیاواز، بۆ نموونە ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیا سیفەتێکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆنی وەرگرتووە لەناو پەرلەمانو حکومەتدا، دەبێت ئەم لیستە جیاوازانەش ئەو سیفاتە وەربگرن کە چوونە پەرلەمان.

**ڕۆژنامە: هەستناکەن لیستی گۆڕان ئەو ئۆپۆزسیۆنە ڕاستەقینەیە بێت لە پەرلەمانی داهاتوودا؟**

* هەرکاتێک لیستی گۆڕان چوونە پەرلەمان، ئەوکات دەبێت کاندیدەکانی خۆیان وادەربخەن کە ئەوان ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەن، هەروەها دەبێت لیستی گۆڕان بۆئەوەی دەنگی خەڵک بهێنێت، دەبێت بەرنامەو پلاتفۆرمی خۆیان بە خەڵک بڵێنو خەڵک تێبگەیەنن جیاوازیی ئەوان لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا چییە، لیستی گۆڕان دەبێت تەنیا لە ڕێگای ڕۆژنامەکانو ڕاگەیاندنەکان باسی بەرنامەکەیان نەکەن، دەبێت ئەو پلاتفۆرمەی هەیان بیگەیەننە خەڵک، چونکە کاتێک ئەوان بەرەنگاری لیستێکی حوکمڕان دەبنەوە، بۆیە بەرەنگاری دەبێتەوە لەبەرئەوەی کە ئەو نەیتوانیوە بەشێوەیەکی باش ئەدای حوکمڕانیی خۆی بکات، بۆیە کاتێک ئەم دەبێتە بەدیل بۆ ئەو لیستەی بەرامبەری، دەبێت دەریخەن بۆ دەنگدەر کە ئەو چۆن دەتوانێت لەوان باشتربێت.

**ڕۆژنامە: لیستی گۆڕان لە بەرنامەکەی خۆیدا داوای پەرلەمانێکی چالاکتر لەم پەرلەمانە دەکەن کە بتوانێت چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات کە ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە؟**

* هەموو لایەکمان دەزانین پەرلەمانی ڕابردوو کەموکوڕیی هەبووە، بەڵام خەڵکیش هەقی خۆیەتی بپرسێت ئایا لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو کەموکوڕیانە پڕکاتەوە؟ بەڵام دەبێت دەسەڵاتیش ڕێگابدات کە ئەم لیستە وەک دەسەڵاتێکی ئۆپۆزسیۆن کارەکانی خۆی بکات، بۆئەوەی بە باشی چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات.

**ڕۆژنامە: کاربەدەستانی ئێستای کوردستان ئەو ئۆپۆزسیۆنەیان قبوڵە؟**

* باوەڕناکەم ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە وڵاتانی بیانی هەیە، دەسەڵاتبەدەستانی کوردستان بەوشێوەیە ڕێگای پێبدەن، لەبەرئەوەی حکومەتی کوردستان تازەیە لە حوکمڕانیو پێشینەیەکی کۆنیشی نییە لە دیموکراسی، بەڵام دەرکەوتنی ئەم لیستە تازانە لەم هەڵبژاردنەی پەرلەماندا، ئەمە هەنگاوێکی باشە بەرەو گۆڕان.

**ڕۆژنامە: دەبێت ئەم لیستە سەربەخۆیانە چی بکەن بۆئەوەی هاوڵاتییان متمانەیان پێبدات؟**

* دەبێت بەرنامەی هەڵبژاردنیان ڕوونبکەنەوە بۆ هاوڵاتییان بۆئەوەی هاوڵاتییانیش بەراورد بکەن لەگەڵ لیستی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕابردوودا، بۆئەوەی کاتێک هاوڵاتی دەنگی خۆی گواستەوە بۆ لیستێکی دیکە، لەسەر بنەمای بەرنامەو بیرکردنەوە دەنگ بە لیستێکی دیکە بدات، چونکە هاوڵاتییان ئێستا لەسەر بنەمای بەرنامەو بەڵێنی هەڵبژاردن دەنگ بە لیستەکان دەدەن، نەک لەسەر ئەساسی کەسایەتیو لیست.

**ڕۆژنامە: ئەگەر دەنگدەر لەسەر بنەمای بەڵێنو بەرنامەی هەڵبژاردن دەنگ بدەن، دەبێت گۆڕانێکی زۆر گەورەو بەرچاو ڕووبدات، بەوپێیەی بەڵێنەکانی پێشوو زۆربەیان جێبەجێ نەکراون؟**

* ئەو هاوڵاتییانەی لەساڵانی ڕابردوودا دەنگیان بە پارتیو یەکێتی دەدا، بەهۆی ئەوەوەبوو هیچ لیستێکی جیاوازتر لەوان نەبوو، ئێستا ئەو لیستانەی کە دروستبوون دەتوانن ئەو نارەزایەتییەی خەڵک بقۆزنەوە بۆ خۆیان، بەڵێن بە خەڵکی کوردستان بدەن ئەو کارانەی لەماوەی ڕابردوودا نەکراوە، ئەوان بیکەن، یان ئەو لیستە سەربەخۆیانە دەتوانن ئەو کارە هەڵپەسێردراوانەی لەنێوان هەرێمو بەغدادا ماونەتەوەو پەرلەمانی ڕابردوو نەیتوانیوە چارەسەریان بکات، ئەوان لە پەرلەمانی داهاتوودا جێبەجێی بکەن، یان وەڵامی چیان پێیە

**زۆرێک لە پەرلەمانتارەکانیش ناتوانن بڕوا بەخۆیان بهێنن درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان یاسایی بوو یان نایاسایی بوو، کە ئەم گومانەش هەبوو بەپێی یاسا ناتوانیت بڕیار لەسەر دەرکردنی ڕۆحی یاسا بدەیت، بۆ دەبێت پەرلەمان لەماوەی بەسەرچوویدا کارە گرنگەکان بەڕێبکات؟ خۆ ئیشی پەرلەمان بەڕێکردنی کارەکان نییە، پەرلەمان کاری نەتەوەیەک دەکات**



# شێتخانەکان بکەنەوە

دانا نەوزەر عەلی

**«دێوانەکان لەوەدا سەرکەوتوون کە عاقڵەکان لە شێتخانەکان توند بکەن»(١)**
**ڤۆگڵین**

لە چەند ڕۆژی ڕابردووداو لە وڵاتی تونس، کەسێک بەناوی (عەلیا کوکی) وەک کەسێکی سەربەخۆ ناوی خۆی تۆمارکرد بۆ بەشداریکردنی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام دەسەڵاتدرانی وڵات دەستبەجێ هەستان بە گواستنەوەی ئەم پیاوە بۆ نەخۆشخانەیەکی عەقڵی بە بیانووی ئەوەی ئەم کابرایە سەری لێتێکچووەو بووەتە مەترسی بۆ سەر گیانی خۆی‌و خەڵکی دیکەیش. جا ئەگەر یەکێک پرۆفایلی عەلیا کوکی نەخوێنێتەوە وا دەزانێت هەر بە ڕاستی ئەم پیاوە شێتبووە، بەڵام کوکی بەدبەخت ئەندازیارەو ماجستێری هەیە لە ئەندازەی میکانیکیداو بڕوانامەی هەیە لە سیستمەکانی زانیارییدا کە لەلایەن خوێندنگای نیشتمانی ئەندازیارانی تونسەوە پێیبەخشراوە. ئیدی ئەمە چ پەرجوویەک بوو کە لە شەوو ڕۆژێکدا بووبە شێت‌و ڕەوانەی نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان کرا؟

ئەم پیاوە لە بەرنامەکەی خۆیدا بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی نووسیویەتی: «ئامانجم بریتییە لە دژایەتیکردنی هەموو جۆرە گەندەڵیی‌و مەحسوبییەت‌و بەرتیلێک‌و گەڕاندنەوەی سەروەریی بۆ یاسا» من زۆرم سەیرلێدێت کە چۆن کوکی بە تۆمەتی خیانەتی گەورە لەسێدارە نەدراوە، ئاخر مەگەر دەکرێت لە خزمەتی سوڵتانی گەورەدا دەمبکەیتەوەو بڵێیت من دەمەوێت گەندەڵی نەهێڵم، هەربۆیە تۆمەتی شێتی سوکترین تۆمەت‌و سزایەکە کە بەسەریدا سەپێنراوە.

جا لێرەوە با نیگایەک لەو قەڵەمە هەزەلییانە بکەین کە هاوشانی دەسەڵاتدارانی تونس، بە گومانەوە لە ژێریی ئەو کەسانە دەڕوانن کە بانگەشەی گۆڕین‌و حەتمیەتی گۆڕان‌و پێویستی چاکسازیی دەکەن. ئەو کەسانەی کە لە فەرهەنگەکاندا بە دوای تۆمەتی نوێدا دەگەڕێن‌و داهێنان دەکەن لە شێوازی بوختان‌و هەواڵی سەیروسەمەرەو شێوازی فریودانداندا. دەبینین کە یارییەکە هەمان یارییەو تەنیا یاریگاو یاریزان‌و ناوبژیوانەکان جیاوازن. ئەوە تەنیا ئەمڕۆو لە دوای خەباتی بێوچانی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن‌و ئارامگری ڕۆژنامەگەری سەربەخۆی ڕاستەقینەو نووسەران‌و هاوڵاتییانی ئازادیخوازە کە دەبینین بەشێکی زۆری کۆت‌و بەندەکانی سەر ڕادەربڕین کراونەتەوە، ئەگەر نا هەتا ڕابردوویەکی نزیکیش وا تەماشای سەرۆکەکان دەکرا کە ئەوان خوێنی خواکانیان هەڵگرتووەو هیچ نەبێت دەبێت بە ڕێزو نەوازش‌و حورمەتێکی بێپایانەوە ناوببرێن. ئەگەر ئەو ڕەنج‌و تێکۆشانەی مرۆڤە پاکەکانی ئەم وڵاتە نەبوایە کە بە قاڵبی سەهۆڵ پێستی پشتیان لێکرایەوە، ئەوا دەبوو ئێستا ئێمەش لە نەخۆشخانەی دەروونی(کە نیمانە) چارەسەرمان وەرگرتایە بەهۆی ئەو قسانەوە کە دەیکەین.

بێگومان لە چاویلکەی ئەوانەوە کە بۆ شاباشێک ئامادەن نیشتمانەکەیان بە عەرەب‌و عەجەم بفرۆشن، ئێمە شێتین، بەڵام شێتێک کە دەستدەوەشێنێت‌و دەبێت لە چاوی خەڵک دووربخرێتەوە. بەڵام ئەمێستا نە بارودۆخە نێودەوڵەتییەکەو نە باڵانسە ناوخۆییەکەش ڕێگا بەوە نادەن کە ئەم هەزاران خەڵکە لە شێتخانەکان توندبکرێن، بۆیە هەموو هەوڵیان دەخەنەگەڕ بۆ بەندکردنی ژیریی‌و تیرۆرکردنی عەقڵ. هەروەک فاروق ڕەفیق دەڵێت: «ئەگەر دێوانەکان لە دونیای کورددا نەشیانتوانیبێت عاقڵەکان تورهەڵدەنە نێو شێتخانەوە، ئەوا توانیویانە کە بێدەنگیان بکەن. هەر کات عەقڵ لە دونیای کوردا سەری دەرهێناو ویستی وێنەیەکمان لەم شپرزەیی‌و وێرانی‌و تاریکی‌و لێکترازانی ماڵی کوردە بۆ بکێشێت، ئەوا زوو دێوانەکان، چەتەکان بێدەنگی دەکەن»(٢)

ئەگەرچی ئەم وشانە بۆ ٧ساڵ لەمەوپێش نووسراون، بەڵام وێنایەکی وردی ئەمڕۆشن. چونکە ئەگەر ئەمە دژایەتیکردنی ژیریی نەبێت چییە؟ کە ئەو هەموو قەڵەمبەدەست‌و پیاوماقوڵانە دەبینیت کە هەتا ئەم ساتەش هەزمی خەڵکی جیاواز ناکەن. ئەگەر تەماشایەکی تەلەفزیۆنەکانی دەسەڵات بکەیت یان ڕۆژنامەکانی بخوێنیتەوە هەستدەکەیت کە ئەوان زۆرزۆر دوورن لە خەمەکانی ئەم نیشتمانەو وەک کەسێکی نادیدە هێشتا باسی ئەوە دەکەن، کە ئایا ئەوە حەرامە یان حەڵاڵ، بە لیستی جیاوازو لەدەرەوەی چەتری دەسەڵات بەشداری هەڵبژاردن بکەیت.

بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کە ژیرەکان‌و ئەوانەی کە هۆشیاربوونەتەوە هێندە زۆربوون کە مەحاڵە هەروا بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێن. جا ئەمە وەک پێشنیازێک وەرگرن، ئەگەر دەتانەوێت ژیریی‌و ژیران بێدەنگ بکەن، هیچ نەبێت بۆ ماوەیەک ونیان بکەن‌و ئەوسا دەبێت بە هەزاران شێتخانە بکەنەوەو هەر لەئێستاشەوە لەگەڵ ئەو هەموو دەمانچەو لاپتۆپ‌و ماکسییەی کە بۆ فریودانی خەڵک دەیهێنن، چەند هەزار دکتۆرێکی نەخۆشییە دەروونییەکانیشمان لە چینەوە بۆ بهێنن.

١-فاروق ڕەفیق، ماڵێکی لێکترازاوو ویژدانێکی بیمار، ل.١١
٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو

# سیستمی سەرۆکایەتی لە نێوان عێراق‌و کوردستاندا!

سارێژ عەبدوڵڵا

١- بە پێی ڕێکەوتنێکی دوو قۆڵی نێوان حزبە باڵادەستەکانی کوردستان‌و لە سایەی ئەو پەرلەمانەی کە لە کوردستاندا هەیە، لە سایەی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کاراونەبوونی دەستوورێک‌و لە پڕێکداو بە بێ گەڕانەوە بۆ خەڵک‌و ڕاپرسی، بڕیاردرا سیستمی حوکمڕانی لە کوردستاندا ببێت بە سەرۆکایەتی‌و سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێت، دونیایەک سەڵاحیات بخرێتە بەردەستی!

ئەم بڕیارە وەک ئەوەی پەیوەندی بە هیچ لایەکەوە نەبێت‌و کاریگەری لەسەر ئێستاو ئایندەی ئەم هەرێمە نەبێت، هیچ لایەنێک نە لە دەسەڵات‌و نە لەو چەشنە ئۆپۆزسیۆنەی کە لەم هەرێمەدا هەیە، نە لەلایەن ئیسلامی‌و چەپ‌و بێلایەن کەس دەنگی لێوە نەهات، تەنیا هەوڵێک نەبێت کە چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی وەگەڕیان خست!

لە بەرامبەر بێدەنگیان تەواوی لیستەکان کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، جگە لە لیستی پارتی‌و یەکێتی کەسیان پاڵێوراویان نییە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کە ئەوەش دەکرێت بە دوو ڕوودا بیخوێنینەوە، یان ئەوەتا تەواوی ئەو لیستانەی کە پاڵێوراویان نییە بۆ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ گۆڕینی سیستمی حوکم نین بۆ سەرۆکایەتی یان ئەوەتا لەگەڵ سیستمی سەرۆکایەتیدان، بەڵام لە بەرامبەر سەرۆکی ئێستای هەرێم کە خۆی کاندید کردووەتەوە کێبڕکێ ناکەن، ئەویان بە پاڵێوراوێکی گونجاو زانیوەو دەنگی بۆ دەدەن!

ئەگەر، ئەگەری یەکەم ڕاستەو لەگەڵ سیستمی سەرۆکایەتیدا نین بێدەنگیان گوزارشت لەو هەڵوێستەیان ناکات، دەبوایە دەنگیان بەرزبوایە لە ڕەتکردنەوەی لەو کاتەی پەرلەمان گفتوگۆی لەوبارەیەوە دەکردو دەبوو ڕازی نەبن، خۆ ئەگەر نارەزاییان بێهوودە بوایە ئێستا دەکرا داوا لەخەڵک بکەن کە دەنگ بۆ سەرۆک نەدەن، بەلای کەمی بۆ ئەوەی زۆرینە نەهێنێت! چونکە ئەو لیستانە دەبێت بزانن پەرلەمانی داهاتوو چەشنی ئەم پەرلەمانەی ئێستاش نابێت، چونکە هاوشان لەگەڵ ئەودا سەرۆکێک هەڵدەبژێرێت ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوەو دونیایەک سەڵاحیاتی پێدراوەو بۆی هەیە پەرلەمان تووشی قەیران بکات، تەنانەت ئەگەر گریمان لیستەکانی دەرەوەی پارتی‌و یەکێتی ڕێژەیەکی دەنگی زۆریشیان هێنا!

ئەگەر، ئەگەری دووەم ڕاستبێت‌و ئەوان بە کاندیدکردنەوەی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان ڕازیبن، ئیدی ئەو هەموو ململانێ‌و کێشمە کێشمە بۆ؟ بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئەوان لە بەردەم هەڵوێستێکی مێژوویدا بوون بەو بێدەنگییەیان، چونکە ناکرێت لەبەر خاتری کەسێک سیستمی حوکمڕانی بگۆڕیت خۆئەوە سیستمێکە بۆ ئایندەو ئەوەی ئێستا بێدەنگی لێکردووە لە ئایندەدا ڕووبەڕووی نارەزایەتی نەوەی داهاتوو دەبێتەوە!

٢- پارتی‌و یەکێتی داهێنەری گۆڕینی سیستمی پەرلەمانین بۆ سەرۆکایەتی لە هەرێمی کوردستان‌و سەرۆک کۆماری عێراقیش کاغەزی سپی لەوبارەیەوە ئیمزاکردووە، هیچ گرفتێکی نییە! بەڵام کە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەغدا لە دوای ئەوەی زانی لە کوردستاندا شتێکی لەوجۆرەیان کردووەو ئەویش بە هەلی زانی ئەو دەرفەتە بقوازێتەوەو داوای گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایەتی عێراقی کرد لە پەرلەمانی‌و تەوافقیەوە بۆ زۆرینە یەکسەر سەرۆک کۆماری عێراق وەڵامیدایەوەو مەترسی لە پەیدابوونەوەی دیکتاتۆریەت دەربڕی!


هەندێک لە چاودێرانی عەرەب پێیانوایە ئەوەی مالیکی لە عێراقدا کردوویەتی‌و دەیکات هەمان ئەو ئەزموونانەیە کە لە ڕابردوو و ئێستادا پارتی‌و یەکێتی لە کوردستاندا دەیکەن، ئەزموونی ناشیرینی پارتی‌و یەکێتی لە قۆرخکردنی دەسەڵات‌و بەکارهێنانی سامانی وڵات بۆ بەرژەوەندی تەسک‌و وەرگرتنەوەی پاشماوەکانی بەعس‌و مەیلی بۆ تاکڕەوەی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە ئەو چاودێرانە پێیانوایە دوای کێبڕکێی نێوان مالیکی‌و پارتی‌و یەکێتی بۆ ئەوەی دواجار پێکەوە کاربکەن هاوپەیمانییەکی بەهێز لەنێوانیاندا دروستدەبێت‌و ئەوەش بە مەترسی گەورە دەزانن لەسەر ئایندەی عێراق!

هەندێک پێیانوایە داواکەی مالیکی دژ بە دەستووری عێراقە، بەڵام پرسیار لەوەدایە خۆ بڕیاردان لە گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی لە هەرێمی کوردستانیشدا کە هەرێمێکی عێراقەو پابەندە بە دەستووری عێراقەوە گونجاو نییە لەگەڵ دەستووری عێراقداو بگرە هاودژێتی!

بۆیە سەرۆک کۆماری عێراق کە لەبەرامبەر مالیکیدا دەنگی بەرزکردو گوتی نەخێر، دەبوو ئەو مەترسییەی بۆ عێراق هەیەتی لە پەیدابوونەوەی دیکتاتۆریەت‌و فەرمانڕەوایی تاکە کەس‌و تاکە حزب دەبوو هەمان دەنگی بەرزبکردایەتەوەو بیگوتبایە نەخێر، کوردستان بە سیاسەتی چەپکە گوڵەکەوە جوانەو پێویستی بە سیستمی سەرۆکایەتی نییەو مەترسیمان هەیە بۆ ئایندە!

## ئاسۆبینی

# نەخێرێکی توند بۆ دەسەڵاتی فاوڵ



سۆران عەبدوڵڵا کۆستە

«منداڵان، دابەش دەبنە سەر دووبەش، خوار ١٠ ساڵان‌و سەروو ١٠ ساڵان، هەموو ئەوانەی بچووکترن سەیری یاسا دەکەن وەک شتێکی ئەبەدی‌و جێگیر وەک دەسەڵات، هەموو ئەوانەش گەورەترن باوەڕیانوایە کە یاساکان دەبێت بگۆڕرێن‌و ئەزەلی نین بەتایبەت ئەگەر هەموومان لەسەرگۆڕینیان ڕازیبووین».

جان بیاجێیە گەورە دەروونناسی سویسری، لەدایکبووی ١٨٩٦، لەچاپتەری حەوتی تیۆری گەشەی مۆرالی کولبێرگەوە.

بەپێوانەکەی بیاجێیەو بەپێی تێڕوانینی هێزە باڵادەستەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، هەموو خەڵکی کوردستان بەپیرو بەجوان‌و بەنێرو بەمێوە دەکەونە خوار تەمەنی ١٠ ساڵانەوە، نەخێر ئەگەر وەک تەمەنیش نەبێت، پێدەچێت ئەم دەسەڵاتە هەموومان لەئاست ئەقڵێکی بچووک‌و ناکامڵ‌و پێنەگیشتوودا ببینن، بۆیە لە lost time ، ماوەی بەسەرچوودا، دەیانەوێت بەدەست گۆڵ لەمیللەت بکەن.

ئەزەلیەت‌و هەتاهەتایی حوکمڕانی، یەکێکە لەخەسڵەتەکانی تۆتالیتارییەت نەک دیموکراتییەت، زۆری دەسەڵات‌و تێرنەبوون لەبەرکەوتەکانی یەکێکی دیکەیە لەخەسڵەتەکانی چاوچنۆکی سیاسی‌و کۆنگەرایی لەحوکمدا. هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەنی دەسەڵاتێکە لێوانلێوە لەم مەرج‌و خەسڵەتانە. ئەم پارتە سیاسییانە زۆر دەمێکە عاشقی هەتاهەتایی حوکمڕانین، بەشێک لەم پارتە سیاسییانە پەروەردەی ساتەوەختەکانی نەخوێندەواری‌و کۆنبوونێکن کەنەک لەکوردستان‌و عێراق، بەڵکو لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا پەناگایەک بۆ ئازادیی‌و دیموکراسییەت هەر نەبوو. دەسەڵاتی کوردی تائێستا سیخناخ‌و گینگڵخواردووی گرێیەکە، گرێیی ناڕاستی‌و دووڕوویی، ئەو دەمانەی بندەست بووبێت بانگەشەی بۆدیموکراتیەت کردووەو کەسەردەست بووبێت دەمێک ئاغا ئاساو دەمێکی دیکە تۆتالیتارو کە ناچاریش بووبێت بانگەشەی بۆ دیموکراتیکێکی رووکەش کردووە.. ئەو گەندەڵستانەی دەسەڵاتی کوردی درووستیکردووە باشترین ژینگە بووە بۆ ئەو دیموکراتییەتە رووکەشە.

ئەمڕۆ ئەم دێوەزمەیەی دەسەڵات، ئەم دەسەڵاتەی حوکمی موتڵەقپەرستی، دەیەوێت پیروجەوان، ڕۆژنامەنووس‌و نەخوێندەوار، قارەمان‌و ترسنۆک، پەیامبەرو زەندیق...تاد بەسیستمی فێڵ‌و فاوڵ دەستوورێکیان بەسەردا تێپەڕێنێت کە نە ڕۆشنبیرو یاساناسەکان، نە ژنان‌و گەنجان‌و نە دۆستە دڵسۆزەکانی زانست‌و مرۆڤ لەم هەرێمەدا نەیاندیوەو ڕاڤەیان نەکردووەو دڵنیاشن بەسەریاندا تێناپەڕێت.. دەسەڵاتی فاوڵ، هەژموونی گزیکردن‌و ساختەکاری، دەسەڵاتی تەزویرو شیرینییەکانی گومرک‌و نەوتی تاڵ فاوڵدەگرێت‌و فاوڵەکانیشی زۆرن: فاوڵی لیستی داخراوو فاوڵی سیستمی سەرۆکایەتی‌و فاوڵی پیلانی ستراتیژی‌و فاوڵی شەڕی ناوخۆو فاوڵی نەوت‌و فاوڵی ئازادکردنی تاوانبارانی کیمیایی‌و فاوڵی فاوڵەکان، دەستووری بەسەرچووی پەرلەمانی ماوە بەسەرچوو بەسەر خەڵکی بەشەرەف‌و ڕۆشنبیری کوردستاندا دەفرۆشن‌و پێیانوایە هێشتا ئەم خەڵکە ساوایە، پێیانوایە ئەم خەڵکە زەینکوێرو زەلیلی گیرفانە بەتاڵەکانی مێژووی حوکمی تاقمە داخراوەکانە.

ئەمجۆرە پارتانە، دوژمن نەما گرێبەستی لەگەڵ مۆر نەکەن، خواستێکی گەل نەما نەیدۆڕێنن، ئەم هێزانە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ دوژمنەکاندا وەک گەزۆو مازووی جەژنی بەرات بەسەر خۆیاندا دەبەخشنەوەو مافەکانیش لەبری جارێک بەدەیانجار دەفرۆشنەوە: ئەوە مادەی ١٤٠، ئەوە گرێبەستە نەوتییەکان، ئەوە هەڵوێستەکردن بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی کوردی لەدەوڵەتە دراوسێکاندا... کەچی هێشتا ڕۆژنامەنوسی ئازاد تابووری پێنجە، هێشتا کەسوکاری شەهید گەر دەنگی دلێر بێت نرخی کۆنە جاشێکی نییە، هونەرمەند پلەبەند دەکرێت‌و بەپێی نزیکی لەدەسەڵاتەوە بەرتیلخوارد دەکرێت.. ئەمەش پێناسێکی دیکەیە لەپێناسەکانی دەسەڵاتی فاوڵ.

دوو ئاراستە هەیە بۆ حوکمکردن، ئەوانەی حوکم بە موڵک دەزانن‌و ئەوانەی مێژوو بەموڵک دەزانن، بەشی یەکەم، ئامادەن هەموو شتێک بکەن لەپێناوی پاراستنی کورسیەکانیان، سوپا بێنن سوپا بەرن، قیروسیا با بێگانەو خوێنمژی گەل بێت، ئامادەن لەتاوانبار خۆشبن، جار و جەحەنم .. بەس بژین لەپێناوی دەسەڵاتدا .. منداڵی ئەوان قوربانی ئەو ساتانە نەبوون کە میللەت گورزخواردووی دەستی دوژمنەکانی بووبێت، ئامادە بوون‌و ئامادەشن بۆ دۆڕان.. بەڵام چەشنی دووەم، لەبری پارە بەخشینەوە بۆ دەنگ کڕین، خەڵکی پیتاکیان بۆ دەکات، لەبری میللەت فرۆشتن بیروباوەڕ دەبەخشنەوە.

لەپێناوی حوکمڕانیدا ئەم دەسەڵاتە داخراوانە گرێبەست لەگەڵ هەموو هێزێکی دژە میللەت مۆردەکەن، ئامادەن پەنابەرنە بەر هەموو ڕێگایەکی ناشەرعیی، بۆ ئەوەی لەحوکمدا بمێننەوە.. دەسەڵات دەسەڵاتێکی نەخۆشە، نەخۆشی حوکمڕانی‌و ئەزەلیەتی حوکمکردن، هەربۆیە فاوڵکردنیش دەبێتە نەریتی باو. ئەمجۆرە حاکمانە یاریی بەبڕوانامەکانیان دەکەن‌و بەرواری لەدایکبوون دەگۆڕن‌و هاوڵاتیش پێی سەیر نەبێت کە هەمیشە وەک منداڵێکی خوار دەساڵان سەیر بکرێت. لەژینگەی ئەم فاوڵخانەیەدا لە نەبوونی دادوەری عادیل‌و یاسادۆستدا، دەنگۆی حەق‌و عەدالەت هیچ جۆرە ناوبژیوان‌و پشت‌و پەنایەکی نییە، جگە لەدەنگی خەڵک نەبێت.. ئەو تاکە دەنگانەی دەتوانن بەدەسەڵاتێکی ئاوا بڵێن بوەستەو بە توندی، بەدەستوورێکی نادەستووری بڵێن نەخێر.

# کۆمپانیای ڕۆژی نوێ



**بۆ وەبەرهێنانی**
**خانووبەرە**
**هەلێکی زێرین...**



کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆلینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).

نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە.

١ ـ هاولاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.

٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە

ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

**ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا :**
تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال تایەر
0750 152 1717-0770 152 9392- 0771 016 5555
rozhinwe@gmail.com
Rozhi Nwe Co.

# لڤین

www.lvinpress.com


lvinpress_news@yahoo.com

بە مەبەستی رومالّکردنی روداوو پێشهاتەکان لە ماوەی هەلّمەتی هەلّبژاردندا

سایتی **لڤین** دەبێتە سایتێکی هەوالّیو لە نوێترین هەوالّو روداوەکان

ئاگادارتان دەکاتەوەو دەتوانن بەبێ بەرامبەر نوێترین هەوالّ بخوێننەوە

لە هەرکوێبیت **لڤین** هاورێتە

[redacted]

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەرێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٠ – R١
پرۆژە: لێدانی بیری قولّ بۆ گوندی چۆرک لە شارباژێر (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەلێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەرۆ.
* دوارۆژی گەرانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەرۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر١١ی پێش نیوەرۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەلێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بری (١٥٠٠٠٠٠) یەک ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەرانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەلێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالّی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەرێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەلێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەلّ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەلّ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

حکومەتی هەرێمی کوردستان /عێراق
وەزارەتی داد
بەرێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانوبەرە
بەرێوبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی کۆیە

حكومة اقليم كردستان /العراق
وزارة العدل
المديرية العامة التسجيل العقارى
مديرية التسجيل العقارى فى كويسنجق
ژمارە/ ٩٠٧
رێکەوت/ ٢٠٠٩/٦/١٠

اعلان

قرار ـ تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبةت عادية تمام العقار تسلسل (١٢٥) محلة سرباغ الى طالب التسجيل (ورثة رمضان حەوێز اسعد) بموجب قرار تثبيت لعائدية التئريخ (٢٠٠٩/٦/٧) الصادر من هذ الجنة علية نعلن هذا القرار وعلى من لدية اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي هذا لنشر العلان وعند انتهاء المدة وةعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة الدعوى لد يها خلال المدة المذ كورة ستباشر هذة الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت الفائدية.

ديار محمد على
رئيس لجنة تثبيت الملكية — قاضى محكمة بداء كويسنجق

## ونبوون

ئارمێکی رێگەپێدانی ئۆتۆمۆبیل جۆری کیا ژمارە بەغداد (١٧٨٢٣) بەناوی عوسمان تەیفور ونبووە هەرکەسێک دۆزیەوە پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفۆنەوە بکاتە (٠٧٧٠١٣٠٩٣٣٠)


**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەرێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولرەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەرێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارریانی حەمرین، تەنیشت بەرێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پرۆسەی هەڵبژاردن‌و ئەرکی ڕاگەیاندن

هادی ئەکرەم



هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراتی، دیموکراتیش بڕوای بەگۆڕانی لەسەرخۆ لەپێناو چاکسازیی بەشێوازی ئاشتییانە هەیە، هەڵبژاردن ئەگەر بەشێوازی دیموکراتی‌و ئازادانە بێت، وێنەیەکی جوان پێشکەش دەکات، هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پێویستی بە بەڕێوەبردن هەیە کە دەبێتە عەقلی هەڵمەتی هەڵبژاردن، ئەم عەقڵەش پێویستی بەچەندین کەسانی پسپۆڕ هەیە بۆئەوەی هەڵمەتەکان بەئاقاری توندوتیژیدا نەڕۆن، بۆیە دانانی یاسای هەڵبژاردن‌و هەڵمەتی هەڵبژاردن دەوری کاریگەری دەبێت، بۆئەوەی هەڵبژاردنێک ئەنجامبدرێت کە بوترێت دیموکراتی تێدایە.


لەگەڵ ئەوەی کە زۆرن ئەوانەی لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی هەرێمی کوردستاندا پێشبینی گۆڕانی گەورە دەکەن، بەڵام ئەم گۆڕانەش خۆڕسک نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی خراپی بەڕێوەبردن بووە لەلایەن دەسەڵاتەوە، دەسەڵات کارێکی کردووە کە کۆمەڵانی خەڵک نارازی بن‌و هەستیان بەچارەنووسی هاوبەش‌و ترسی هاوبەش‌و خەمی هاوبەش کردووە.

کۆمەڵگا لەگەڵ ئەوەی چاودێرێکی بەردەوام‌و شارەزاو بەئاگابووە لەبەرامبەر دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆر پێشکەوتوون‌و کۆمەڵگا هۆشیاربووەتەوە، بۆیە باوەڕی بەگۆڕانکاریی هەیە، لەهەموو گۆڕانێکیشدا چاوەڕوانی خزمەتی زیاتر دەکرێت، ئەمڕۆ حەماسی خەڵک وەک بای لێهاتووەو لەهەموو شوێنێکدا هەیەو لەهیچ شوێنێکدا دیاری نییە، خۆی ئامادەکردووە بۆئەوەی ئازادانە دەنگەکانی بخاتە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە، لەوێوەوە گۆڕان دەردەکەوێت، ئەم گۆڕانەش وەک ئۆکسجین وایە بۆ دەسەڵات هەر وەک چۆن ئینسانەکان پێویستیان بە ئۆکسجین هەیە، بۆیە ئەگەر گۆڕان نەکرێت، دەمرێت.

هەموو لیست‌و گروپ‌و حیزبێک دەتوانن لەڕێگای ڕاگەیاندنەوە کاریگەرییان هەبێت لەسەرجەماوەر بۆبەدەستهێنانی متمانە. لێرەوە ڕاگەیاندن دەوری سەرەکی دەبینێت لەسەر ڕای گشتیی، گوتارەکانی ڕاگەیاندن‌و نووسینەکانی ڕۆشنبیران خۆی بەبەهاکانی ڕاستییەوە نەبەستێتەوە، ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەزموونەکە بەشێوەیەکی بەرپرسانە بکات، لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕاستییەکان دەرنەخرێن‌و دەست نەخرێتە سەرکەموکوڕییەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر جەماوەر نابێت‌و بەبەتاڵی دەمێنێتەوە.

هەموو ڕاگەیاندنێک لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەوری خراپ ببینێت، گومانی تێدا نییە بەبەرژەوەندیی بەرامبەرەکەی تەواودەبێت، بۆیە ئەرکی گەورەی ڕاگەیاندن ئەوەیە کە یەکەم هاوڵاتییان هانبدەن بۆ ئەوەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، دووەم هەوڵبدات ڕاگەیاندنەکان بەرەو توندوتیژیی بڕوات.

# خوێندنەوەیەکی یاسایی بەپەلە بۆ پرۆژەی دەستوور



د. نوری تاڵەبانی

پاش نزیکەی (٣) ساڵ لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو پرۆژە دەستوورە کە بۆ هەرێمی کوردستان لە ٢٢ی ئابی ٢٠٠٦ ئامادەکرابوو، لیژنەی پێداچوونەوە بەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی دیکەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩دا دابەشکرد بەسەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا.

هەر لەو ڕۆژەدا سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژەی یاسایەکی بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٨، کە تایبەتە بە پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان خستە ئەجێندای کارەکانی پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، پاش سەعاتێک ئەو پرۆژەیاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەرکراو بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا!

سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری داوە ئەو پرۆژە دەستوورەی لە ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندبکرێت، تا لە ڕۆژی ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩دا بخرێتە ریفراندۆمەوە لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان. لێرەدا خوێندنەوەیەکی قانونی بەپەلەیە بۆ ئەو پرۆژەیە دەکەم بە دەستنیشانکردنی ئەو دەستکارییانەی لەسەر پرۆژەی دەستووری ٢٢ی ئابی ٢٠٠٦ کراون. بڕیارە پەرلەمانی کوردستان لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دەنگ لەسەر ئەو پرۆژەیە بدات، دەنگدانیش بە «ئا» یان بە «نا» دەبێت، چونکە پەرلەمانتاران مافی ئەوەیان نییە دەستکاری پرۆژەکە بکەن.

تێبینی یەکەمم لەسەر پرۆژەی ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ ئەوەیە وشەی (دیباجە) کراوە بە (پێشەکی) کە تۆزێک کورتکراوەتەوە، بەڵام وەک (دیباجەی) دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ (پێشەکی)یەکە بریتییە لە نووسینێکی ئینشائی‌و ئاماژەی تێدانەکراوە بۆ ئەو دۆکیومێنتە نێودەوڵەتییانەی دانیان بە مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد ناوە، بەتایبەتی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠. بۆ بەراوردکردنی (پێشەکی) پرۆژەکەی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لەگەڵ ئەوەی پێشتر بۆ لیژنەکەم ناردبوو، ئەو (پێشەکی)یە لێرەدا بڵاودەکەمەوە.

«لە دێرزەمانەوە کورد لەو ناوچە جوگرافیایە دەژێت بە کوردستان ناسراوە، بەهۆی زمان‌و مێژووی هاوبەشیان گیانی هۆشیاری بەوەی سەر بە یەک گەل‌و تایبەتمەندیەتی خۆیان هەیە، لایان پەیدابووە. لە پەیماننامەی (سیڤەر)ی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٠ مادەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤ تەرخانکرابوون بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەپاش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو مادانە ڕاشکاوانە باس لە مافی چارەنووسی کورد دەکەن، ئەوەش بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتییە کە دان بە بوونی کورددا دەنێ‌و دەڵێت دەتوانن ئایندەی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان دەستنیشان بکەن، بەڵام بەرژەوەندی ستراتیژی‌و ئابووریی چەند دەوڵەتێکی زلهێزی ئەو سەردەمە بە پێچەوانەی مادەکانی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە بوونە هۆی لکاندنی بەشێک لەخاکی کوردستان بە دەوڵەتی عێراق، کە لە ساڵی ١٩٢١ لە هەردوو ویلایەتی بەغداو بەسرە دروستکرابوو. لکاندنی ئەم بەشەی کوردستان بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو لە ساڵی ١٩٢٥. لەو بڕیارەدا چەند مەرجێک دانرابوون پەیوەندییان بە مافی کوردەوە هەبوو دەبوو دەوڵەتی عێراق جێبەجێیان بکات. بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٣٢ بە قبوڵکردنی دەوڵەتی عێراق لەو دامەزراوە نێودەوڵەتییە جەختی لەسەر ئەو پابەندبوونەی دەوڵەتی عێراق کردووەتەوەو داوای لێکراوە جێبەجێیان بکات. هەردوو حکومەتی عێراق‌و بەریتانیا پێشتر لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ داوایان لە سەرکردەکانی کورد کردبوو گەر پەیوەستبن بە دەوڵەتی عێراقەوە دەتوانن حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان پێکبێنن‌و ئامادەیی خۆیان پیشاندابوو گفتوگۆ لەگەڵ نمایندەکانیان بکەن سەبارەت بە جۆری ئەو حکومەتەو سنووری جوگرافیای دەسەڵاتەکانی‌و پەیوەندی سیاسی‌و ئابووریی ئەو حکومەتە کوردییەوە بە هەردوو دەوڵەتی عێراق‌و بەریتانیاوە، کە لەو سەردەمەدا عێراق لەژێر ماندێتی ئەوبوو. ئەو هەموو پابەندییە نێودەوڵەتییانەی لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقدا بوون لە دامەزراندنیەوە تا وەرگرتنی لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بنەمایەکی یاسایی‌و مێژوویین بۆ ڕەوایی داواکردنی گەلی کوردستان بە پەسەندکردنی سیستمێکی فیدراڵیی، تا بەوهۆیەوە بەهرەمەندبێت لە مافە نەتەوەییە تایبەتیەکانی، بەڵام حکومەتە یەک لەپاش یەکەکانی عێراق ئەو ئەرکەیان جێبەجێ نەکردووە. ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دانی بە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستان نابوو، بەڵام حکومەتی عێراق پابەند نەبووە بەو ڕێککەوتننامەیەوە، ماوەیەک پاش مۆرکردنی دەستی کردووە بە بەرپاکردنی سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە بە مەبەستی کۆچپێکردنی کورد لە بەشێک لە خاکی باوو باپیرانیان. ڕژێمی بەعس پاشتر سیاسەتی قڕخستنی لە دژ سڤیلە بێ چەکەکان بەکارهێناوە کە بووەتە هۆی کاولکردنی بەشی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان‌و گواستنەوەی دەیان هەزار کەس بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان. هەر ئەو ڕژێمە کۆچی بە نزیکەی چوارسەد هەزار کوردی فەیلی کردووە بۆ خاکی ئێران. هەمان ڕژێم تاوانی ئەنفالی بەدناوی کردووە کە زیاتر لە سەدو هەشتا هەزار مرۆڤی سڤیل بوون بە قوربانی‌و بەشی زۆریان زیندەبەچاڵ کراون، لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجەو چەندین جێگای دیکەی کوردستان. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیسانی ١٩٩٢دا بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی پەسەندکرد کە زیاتر تایبەت بوو بە پاراستنی گەلی کوردستان لە کردارە نامرۆڤیەکانی حکومەتی عێراق، بەڵام ئەو بڕیارەش نەبووەتە هۆی ڕاگرتنی ئەو کردارانەی ڕژێم کە تادەهات سیاسەتی کوشتن‌و گۆڕینی باری دیمۆگرافی لەو ناوچانەی کوردستان کە لە ژێردەسەڵاتیدا مابوونەوە چڕتری دەکرد. ئەم بڕیارە لەگەڵ هەموو ئەو سەرەتاو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە ڕێکدەکەوێ کە دان بە مافی گەلاندا دەنێن بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان بە خواستی خۆیان.

گەلی کوردستان مافی خۆیەتی گەر شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بەگوێرەی دەستوورێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان دیاری بکات، چونکە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستمی فیدراڵیی ئەوەیە هەموو هەرێمێک بەهرەمەندبێت لەوەی دەزگای تایبەتمەندو دەسەڵاتی دەستووری‌و یاسایی خۆی هەبێت.

بۆ ڕێکخستنی تایبەتمەندیەکانی هەرێمی کوردستان‌و دامەزراوەو دەزگاکانی، ئەم دەستوورە پەسەندکراوە».

بڕگەی دووەمی مادەی دوو دەبێتە هۆی کێشەو دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی لەلایەن حکومەتی عێراق‌و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی‌و دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتە زلهێزەکانیش، ئەوەش لە بەرژەوەندی دواڕۆژی ئەو ناوچانە نیە کە مادەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان داڕێژراوە

مادەی دووەمی پرۆژەکە تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. لە بڕگەی یەکەمی ئەو مادەیەدا سنووری جوگرافیای هەرێم دیاری کراوە، بە دەستنیشانکردنی ناوی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی، بەڵام لە بڕگەی دووەمدا باس لە سنووری سیاسی هەرێم کراوە بە پشتبەستن «بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق». ئەم دوو بڕگەیە بەپێچەوانەی یەکترن‌و بڕگەی دووەم تەقییدی بڕگەی یەکەم دەکات. مادەی ١٤٠ بۆ نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی بە عەرەبکردن داڕێژراوە بەپێی ئەو میکانیزمەی لەو مادەیەدا دیاری کراوە، تا ئێستاش نازانین چۆن‌و کەی‌و بە چ شێوازێک جێبەجێ دەکرێت. ئەم بڕگەیە دەبێتە هۆی کێشەو دروستکردنی فشاری سیاسی بۆ سەر دەسەڵاتی کوردی لەلایەن حکومەتی عێراق‌و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی‌و دەوڵەتانی ناوچەکەو دەوڵەتە زلهێزەکانیش، ئەوەش لە بەرژەوەندی دواڕۆژی ئەو ناوچانە نییە کە مادەی ١٤٠ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان داڕێژراوە. ئەو بڕگەیە پێویستە وەک پێشتر چەندین جار داوامانکردووە لاببرێت‌و لەناو پرۆژەکەدا نەمێنێ.

بڕگەی یەکەمی مادەی (٦)ی پرۆژەی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بڕگەیەکی تازەیە، لە پرۆژەی ئابی ٢٠٠٦دا نەبوو. بەپێی ئەو بڕگەیە هیچ یاسایەک دانانرێت ئەگەر ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام، ئەم بڕگەیە لەسەر داوای حیزبە سیاسیە ئیسلامییەکان خراوەتە سەر پرۆژەکە. دەستکارییەکی دیکە لە مادەی (٨)ی پرۆژەی ئابی ٢٠٠٦دا کراوە، ئەو مادەیە باسی لە بەکارهێنانی مافی چارەنووس دەکرد لەگەڵ دیاریکردنی چەند حاڵەتێکی تایبەتدا. لە مادەی (٧)ی پرۆژەی ٢٠٠٩دا ئەو حاڵەتانە ئاماژەیان بۆ نەکراوە، ئەوەش چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەو مافە ڕەوایەی کورد کەمدەکاتەوە. لە مادەی (٥١)دا ناوی سکرتێری پەرلەمان کراوە بە «سکرتێری گشتی»، هۆکاری ئەو دەستکارییە ڕوون نییە. لە مادەی (٦٤)دا ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە چوار ساڵ دیاری کراوە، بەڵام دەشێ بۆ ویلایەتێکی دووەم هەڵبژێردرێتەوە. ڕستەیەکی تازە خراوەتە سەر ئەو مادەیە لە پرۆژەی ٢٠٠٩دا بەوەی لە ڕۆژی کارپێکردن بە دەستووری پەسەندکراوەوە کاری پێدەکرێت، بۆیە سەرۆکی ئێستای هەرێم دەتوانێ بۆ دووجاری تر خۆی کاندید بکاتەوە، چونکە ویلایەتی ئێستای بۆ حیساب نەکراوە، لە پرۆژەی ئابی ٢٠٠٦دا ئەو مادەیە بە موتڵەقی بۆ دووجار دیاری کرابوو.

جیاوازییەکی دیکە لەنێو پرۆژەی دەستووری ٢٠٠٦و ئەوەی ساڵی ٢٠٠٩ ئەوەیە، بەپێی پرۆژەی ٢٠٠٦ سەرۆکی دادگای دەستووریی سەرۆکی (ئەنجومەنی دادوەری) بوو، بەڵام بەپێی مادەی (٩٨)ی پرۆژەی ساڵی ٢٠٠٩ سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە (تەمییز) دەبێتە سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە. لە دەستووری عێراقدا سەرۆکی دادگای باڵا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری دەکات. ئەگەر ئەم ئەرکە بەسەرۆکی داگای دەستووری نەدرێت ئەرکەکانی کەمدەبنەوە، چاکترە لەم حاڵەتەدا ئەندامانی ئەو دادگایە کەمبکرێتەوە لە (٧) ئەندامەوە بۆ (٥) بە سەرۆکەکەیەوە.

جێگای داخە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ بەشداری لە چاککردنی ئەو کەموکوڕییانە بکات کە ئاماژەمان بۆ بەشێکیان کردووە. کەسانێک هەن دەڵێن هەموو دەستوورەکانی دونیا بەو شێوەیە پەسەندکراون، پەرلەمان بەشداری لە تاووتوێکردنی هیچ پرۆژە دەستوورێکدا نەکردووە. ئەو بەڕێزانە ئاگاداری ئەوەنین کە دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکراوە پاش گفتوگۆیەکی چڕوپڕ کە ماوەیەکی زۆری بردووە. بەشێکی زۆر لە مادەکانی پرۆژە ئەسڵیەکە دەستکاری کراون یان لابراون.

هۆکاری پەلەکردن لە پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان سیاسییە نەک یاسایی، چونکە ١٧ ساڵە هەرێمی کوردستان بێ دەستوور حوکمدەکرێت. لەم ماوە درێژەدا بە بەردەوامی داوای پەلەکردنمان لە پەسەندکردنی دەستوور کردووە. لە تەموزی ساڵی ١٩٩٢دا پرۆژەیەکم ئامادەکرد بەهاوکاری بەشێکی زۆر لە یاساناسانی کوردستان، پاشتر ئەو پرۆژەیە خرایە بەردەم پەرلەمان‌و حکومەتی ئەو دەمەی کوردستان، بەڵام پەرلەمان تەماشای نەکرد لەبەر هۆکاری سیاسی. بەشێک لەوانەی ئەمڕۆکە داوای پەلەکردن لە پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم دەکەن ئەو دەمە دەیانوت پێویستمان بە دەستوور نییە، یان دەیانوت دەبێ چاوەڕێی دەستووری عێراق بکەین. لە مانگی تەموزی ٢٠٠٥دا (٥٩) پەرلەمانتار لەهەموو گروپەکانی ناو پەرلەمان داوایەکمان خستە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بەمەبەستی تاووتوێکردنی ئەو پرۆژە دەستوورەی پێشتر ئامادەکرابوو، بەڵام داواکەمان نەخرایە بەردەم پەرلەمان تا دەستووری عێراق پەسەندکرا.


# بۆچی شوقەو ڤێلای گوندی ئەڵمانی دووهەڵدەبژێریت؟؟؟؟

گوندی ئەڵمانی









*چونکە دەکەوێتە کەشخەترین جێگای سلێمانییەوە.
*بەرزترین و پاکترین ژینگە لە ناو (200,000م) دووسەد هەزار مەتر سەوزایی.
*نوێترین نەخشەی بیناسازی لەجیهاندا.
*دوو دیواری هەیە لە خشت و هەروەها دیواری عەزلی سیسمۆ (کە سیستەمێکی ئەوروپییە) دروست دەکرێت.
*کاشیەکانی جۆری گرانیتی ئیسپانیە و کە گرانترین کاشیە لە ئێستادا.
*ڕوکاری دەرەوەی ڤێلاکە بە مەڕمەڕ ڕووپۆش دەکرێت.
*سێتی حەمام و تەوالێتی (Vetra) یە.
*شۆفاژ لە ناو ماڵەکاندا دابین دەکرێت.
*سەقفی مەغریبی بەنەخشی جوان دروست دەکرێت بۆ ناو ڤێلاکان.
*دەرگای تایبەت لە دەرەوەی وڵات دێت کە نرخی یەک دەرگا 350"سێ سەد و پەنجا دۆلار"ە
*مەلەوانگە بە سیستەمی (Filtaration) ە و کە پێویست ناکات ئاوی بگۆڕێت و بە شەش مانگ جارێک ئاوەکەی دەگۆڕێت وە هەروەها ئاوەکەش گەرم دەکرێت لە زستاندا.
* پەنجەرەی (PVC) تایبەت و شوشەی دەبڵ گلاس.
*لە ماوەیەکی پێوانەییدا تەواو دەبێت و پێویست ناکات ماوەیەکی زۆر چاوەڕێ ی تەواو بوون بکەیت.
* پرۆژەکە هەموو خزمەتگوزارییەکانی وەك وێستگەی ئاو و کارەبا ، هەروەها شەقام و شۆستە و باخ و
بۆ یەکەم جار لە پرۆژەی وبەرهێناندا فوتابخانە و دایەنگە و باخچەی ساوایانی دروست کراوە بە شێوازی نموونەیی دەوامی تێدا دەکرێت .
*نرخی شوقەکانی زۆر گونجاوە و بە خزمەتگوزارییەوە ڕووبەرەکەی دەگاتە (155مەتر) و نرخەکەی تەنها 80000هەشتا هەزار دۆلار"ە .
*کۆمپانیا 40000"چل هەزار دۆلار "ەکات بە قیستی (پێنج ساڵ) بێ ئەوەی هیچ سودێکی بخرێتە سەر .
*40000 "چل هەزار دۆلار"ەکەی تریش بە یەك ساڵ دەیدەیت و پێشەکی تەنها (20000)"بیست هەزار دۆلارە
*ئەبیرتان ئەچێ ئەم پرۆژەیە لە تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەکەو بەرامبەر گەرەکی توی مەلیك و لە کەشخەترین و جوانترین جێگای سلێمانیە .



## پرۆژەی ئاشتی بۆ نیشتە جێبوون

مشروع مدینة أشتي الأسکاني

**تاونیشانێکی تازە بۆ جوانترین شاری کوردستان**

ASHTI CITY

کۆمپانیای جێبەجێکار
گرووپی کۆمپانیاکانی گەلالە ،کە بە سەرپەرشتی دەستەی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت و سندوقی ئیسکان دەیگرێتەوە .

هەلێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی خانوویەك كە ڕووبەری زەوییەکەی

(250) مەتر دوجایە لە جوانترین جێگای شاری هەولێر

لەسەر ڕێگای نێوان کەسنەزان وبنەسلاوە .

**ببە خاوەن خانوویەك بە قیستی مانگـانەی گونجاو.**

نرخی خانوو بە 50000 $ :
* پێدانی پێشەکی 10% لە کاتی تۆمارکردن .
* قیستی 410 دولار ، بەشێوەی مانگـانە .
* قەرزی 50% لە نرخی خانوو لە سندوقی نیشتەجێبوون ، بەبێ سوودی سندوقی نیشتەجێبوون .
* قیستی 10% لە کاتی وەرگرتنی خانوو .

سعر البیت 50000 $ :
* دفعة مقدمة 10% عند التسجیل .
* أقساط 410 دولار شهریاً .
* قرض 50% من قیمة الدار بدون فوائد من صندوق الأسکان.
* دفعة 10% عند أستلام الدار .



پرۆژەی بیناکردنی شارێکی تەواو لەگەڵ گشت خزمەتگوزاریە ژێر خانەکان ؛
شەقامی سەرەکی ولاوەکی / تۆڕی ئاوی خواردنەوە /تۆڕی دابەشکردنی وزەی کارەبا / تۆڕی ئاوەڕۆی ئاوی باران
بنکەی بـازرگانـی و بازارگـا / فـوتابخانـە /بنکە تەندروستـی / یاریگـای وەرزشـی / باخچـە

تاونیشانی نووسینگەی بە بازارکردن :
شەقامی (100) مەتری /بالە خانەی پێشانگای گەلالە .
بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ

کۆرك : 0750 7225858
ئاسیا : 0770 9185858


چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

# بەرەو گۆڕان

٥٧

گۆڕان التغيير CHANGE

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 3 Date. 25-6-2009 ٢٥-٦-٢٠٠٩ ژمارە: (٣)


## نەوشیروان مستەفا:

# هەوڵدەدەین ژیانی کارمەندانی ئاسایشو پێشمەرگەو پۆلیس باشتر بکرێت

# بیروباوەڕی سیاسیتان هەرچییەک بێت، دەبێت شەرەفی پیشەکەی خۆتان بپارێزنو دەستنەخەنە کاروباری هەڵبژاردنەوە

بۆ ل ٣



فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە میدیا جیهانییەکانەوە

## ئاژانسی ئەسۆشیەتد پرێس: لە کوردستان خەڵکیی گۆڕانیان دەوێت

بۆ ل ٢

رۆژنامەی شەرقولئەوسەت:

## سلێمانی داوای کودەتایەکی هاوچەرخانە بەسەر گەندەڵیدا دەکات

بۆ ل ٣

BBC

## لیستی گۆڕان کێبڕکێی پارتیو یەکێتی دەکات

بۆ ل ٣

## چارەسەرکردنی کێشەی ژنان
## پێویستی بە گۆڕانە لە سیستمی سیاسیو یاساییدا

## پەیامی نەوشیروان مستەفا بۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس‌و پێشمەرگە:

# بیروباوەڕی سیاسیتان هەرچیەک بێت، دەبێ شەرەفی پیشەکەی خۆتان بپارێزن و دەستنەخەنە کاروباری هەڵبژاردنەوە

نەوشیروان مستەفا

ئێمە بەرێزو حورمەتێکی زۆرەوە دەڕوانینە رەنج‌و ماندوبوونی دەزگاکانی ئاسایش‌و پێشمەرگەو پۆلیس لە پاراستنی ئاسایشی هەرێمدا لە دابینکردنی ئارامی‌و ئاسایشدا لە بەرەنگاری تۆڕەکانی تیرۆرو بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان‌و تاوانی رێکخراودا، ئەرکی سەرەکی هێزەکانی ئاسایش‌و هێزە چەکدارەکان لە هەموو دەوڵەتێکدا پاراستنی گەل‌و نیشتمانە لە مەترسی دەرەکی‌و ناوەکی دەبێ ئەرکی هێزەکانی هەرێمیش لەو چوارچێوەیەدا بێت، لە هەموو دنیادا ئەم هێزانە لە ناکۆکیە سیاسییەکانی ناوخۆدا بێلایەن رادەوەستن بەیەک مەسافە خۆیان دوور رادەگرن لە تێکەڵاوی مونافەسەی نێوان حیزبەکان لە هەڵبژاردنی وڵاتەکانیاندا وەکو تاک هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی دەنگ دەدات، بەڵام لە پرۆسەی دەنگداندا بە بێلایەنی‌و پیشەیی رەفتار دەکەن‌و دەزگاکەیان بەکار ناهێنن بە قازانجی لایەنێک دژی لایەنێکی دیکەی هەڵبژاردن.

لە کوردستانی خۆشماندا بەپێی قانونی حیزبەکان کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە حیزب نابێ هێزی چەکداری هەبێت، لە عێراقیشدا بەپێی دەستووری هەمیشەیی حیزب نابێ هێزی چەکداری هەبێت، بەڵام لە کوردستانەکەی ئێمەدا لە پاش هەژدە ساڵ لە حوکمی کوردی هێشتا نەتوانراوە هێزەکانی (ئاسایش، پۆلیس، پێشمەرگە)، لە دەست دەسەڵاتی حیزب دەربهێنرێن‌و بخرێنە ژێر دەسەڵاتی قانونی حکومەتی هەرێمەوە، لەبەر ئەوە بەشێکی بەرنامەی لیستی گۆڕان تەرخانکراوە بۆ هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە لە لیستی گۆڕاندا کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەم هێزانە-مەبەستم هێزەکانی ئاسایش‌و پێشمەرگەو پۆلیسە- بەهێزتر بکرێن ژیانی خۆیان‌و خێزانەکانیان باشتر بکرێت، ئاستی شارەزایی‌و لێوەشاوەیی‌و هۆشیاری یاسایی‌و سیاسیان قولتر بکرێت، پێویستیەکانیان شان بەشانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای دنیا بۆ دابین بکرێت لە دەزگای سیاسیەوە بکرێن بە دەزگای پیشەیی‌و لە دەزگای حیزبیەوە بکرێن بە دەزگای نیشتمانی‌و حکومەتی.

ئەم هێزانە لە سەردەمی جیاوازیی دوو ئیدارەی پێشووەوە تائێستاش هەریەکەیان وەکو دووهێز بەجیا کار دەکەن دەبێ یەک بخرێن لە ژێر دەسەڵاتی لایەنی سیاسی دەربهێنرێن‌و بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حوکمەتی هەرێمەوەو رێگە نەدرێت لە هیچ ناکۆکیەکی ناوخۆی کوردستاندا بەکار بهێنرێن، بۆیە لەم دوانگەیەوە داواتان لێ دەکەم پێویستە ئێوە هەمووتان چ وەکو تاک چ وەکو کۆمەڵ چ وەکو دەزگا بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیارێتی یاسایی‌و سیاسی‌و ئەخلاقی خۆتاندا بن، رێگە نەدەن بەکار بهێنرێن بۆ هەڕەشەکردن لە خەڵک، بۆ سەرکوتکردن، بۆ دەمکوتکردن بۆ تەزویرو گزی‌و فرۆفێڵ رێگە نەدەن ببن بە لایەن لەم موناف‌سە سیاسیەی ئەم قۆناغەدا، بیروباوەڕی سیاسی خۆت هەرچیەک بێت، بەڵام دەبێ شەرەفی پیشەکەی خۆت بپارێزیت، رێگە نەدەن ئەزموونەکانی رابردوو دووبارە ببێتەوە، پێویستە بە بێلایەنی‌و پیشەیی پارێزگاری هێمنی کەش‌و هەوای سیاسی هەڵبژاردن بکەن، بەشداربن لە پاراستنی پرۆسەی ئازادی دەنگدەراندا، بەشداربن لە پاراستنی پاکی‌و ئازادی‌و هێمنی پرۆسەکەدا، بێگومان بەمە لەناو خەڵکدا سەربەرزی بۆ خۆتان بەدەست دەهێنن، ئەوسا گەلەکەشمان شانازیتان پێوە دەکات.

**ئێمە لە لیستی گۆڕاندا کار دەکەین بۆ ئەوەی ئەم هێزانە (ئاسایش‌و پێشمەرگەو پۆلیسە) بەهێزتر بکرێن ژیانی خۆیان‌و خێزانەکانیان باشتر بکرێت، ئاستی شارەزایی‌و لێوەشاوەیی‌و هۆشیاری یاسایی‌و سیاسیان قوڵتر بکرێت**



فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

## ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت:

# سلێمانی داوای کۆدەتایەکی هاوچەرخانە بەسەر گەندەڵیدا دەکات

چۆڤین عەبدوڵا

لەژێر ناونیشانی (بانگەشەی هەڵبژاردن کوردستان دادەپۆشێت‌و رووبەڕووبوونەوەیەکی گەرم لەنێوان لایەنگرانی تاڵەبانی‌و جیابووەوەکان بەرپادەبێت)ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ژمارەی رۆژی سێشەممەیدا راپۆرتێکی لەسەر دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی(٢٥) ی تەمووزی چاوەڕوانکراو بڵاوکردووەتەوەو تێیدا ئاماژە دەکات، «لەسلێمانی دروشمەکانی لیستی گۆڕان زۆربەی جێگایەکیان داپۆشیوە، بەپێچەوانەی هەولێر کە لافیتەکانی لیستی کوردستانی زۆربەی جێگایەکی داپۆشیوە».

راپۆرتەکە باس لە ئەو گەرموگوڕیە تایبەتە دەکات کە لە یەکەم رۆژی دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانیدا دروستبووە، بەو بریسکەیە وەسفی دەکات کە کڵپە لە ئاگری جەنگێک وەردەدات‌و دەڵێت: «بانگەشەی هەڵبژاردن وەک ئەو بریسکەیەی ئاگری جەنگێک دابگیرسێنێت دەستپێکرد بەتایبەت لە سلێمانی».

پاشان راپۆرتەکە کە هیوا عەزیز، ئامادەی کردوە باس لە رێپێوانی پڕ لە حەماسی گەنجانی گۆڕانخواز لە شاری سلێمانیەوە بەرەو قەزاو ناحیەو گوندەکانی سەربەپارێزگای سلێمانی دەکات، کە «لەگەڵ خۆیان ئاڵای کوردستان‌و پۆستەرەکانی تایبەت بە لیستی گۆڕان- مۆمی داگیرساو- یان بۆ کەنار شارو ناوچەو قەزاو ناحیەکان‌و شوێنە دوور دەستەکان دەگوازتەوە.

راپۆرتەکە ئاماژەبە رۆڵی دەزگای راگەیاندنی هەردوو لایەنی سەرەکی هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمووز (لیستی گۆڕان‌و لیستی کوردستانی) دەکات لە بانگەشەی هەڵبژاردندا.

«لەکاتێکدا لیستی کوردستانی کە لیستی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پارتی‌و یەکێتیە، لەڕێی دەزگاکانی راگەیاندنی بیسراوو بینراوی خۆیەوە بۆ راکێشانی دەنگی دەنگدەران لە (٢٥)ی تەمووزدا بە بەردەوامی باس لەو خزمەتگوزاری‌و کارانەدەکات کە لەماوەی رابردوودا ئەنجامیانداوە، ئەوا لە بەرامبەردا لیستی گۆڕان کەژمارە (٥٧) ی بەرکەوتووە، باس لەو گەندەڵییانە دەکات کەسەراپای داموەزگاکانی حکومەتی هەرێمی گرتووەتەوە، داوا لە جەماوەردەکات لە (٢٥) ی تەمووزدا گۆڕان دروستبکەن، کودەتایەکی هاوچەرخانە بەسەر گەندەڵی‌و بەرتیلخۆری‌و مەحسوبیەت‌و بە فیڕۆدانی سامانی گشتی دا بکەن کە بە بڕوای لیستەکە حکومەتی هەرێم بە دەستیەوەدەناڵێنێت».

بەپێی راپۆرتەکەی شەرقولئەوسەت دروشم‌و پۆستەراتەکانی لیستی گۆڕان لەشاری سلێمانی پێش دروشم‌و پۆستەرات‌و بانگەشەی هەڵبژاردنی هەموو لایەنەکان دیکە کەوتووە لەیەکەم رۆژی بانگەشەکردندا، بەڵام راپۆرتەکە دەڵێت: «لەهەولێر بارودۆخەکە پێچەوانەبوو،پۆستەرو دروشمەکانی لیستی کوردستانی پێش هەموو ئەوانی دی کەوتبوو».

لەکۆتاییدا راپۆرتەکە باس لە دانیشتنی پەرلەمانی تایبەت بەرەشنووسی دەستوور دەکات‌و ئاماژە بە ئیقرارکردنی سیستمی (کۆتا)و خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ رەشنووس دەستوور دەکات، لەلایەن پەرلەمانەوە کە وەک راپۆرتەکە دەڵێت:»لە(٤-٦) وە شەرعیەتی کۆتایی پێهاتوە».

لەگەڵ ناڕەزایەتی زۆربەی لایەنەکان- بەتایبەت لیستی گۆڕان- لە بەرامبەر هەوڵی چەسپاندنی دەستوور لەم کاتەداو بەپەلەو لەلایەن پەرلەمانێکەوە کە سەلاحیەتی تەواو بووە، بەڵام پەرلەمانی ئێستای کوردستان بەزۆرینەی دەنگ رەشنووسی دەستووری هەرێمی پەسەندکرد بۆ دەنگدان لەسەری لە (٢٥)ی تەمووز لەگەڵ دەنگدان بۆ پەرلەمانی نوێ‌و سەرۆکایەتی هەرێم، لیستی گۆڕانیش داوا لەخەڵک دەکات رێگانەدەن ئەو دەستوورە بەشێوەی ئێستای بچەسپێت.




فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

# لیستی گۆڕان وەک هێزێکی نوێ ڕووپەڕی میدیاکانی جیهان دادەپۆشێت

پەیامی لیستی گۆڕان دەبێتە جێگەی سەرنجی میدیای جیهانیو بەهۆی لیستی گۆڕانەوە هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە هەنگاوێک بۆ ڕزگاربوون لە گەندەڵی لە قەڵەم دەدەن.

لە ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ئەسۆشیەیتد پرێسدا هاتووە، کە ئەمجارە بەهۆی دەرکەوتنی لیستی نوێوە خەڵک لە هەرێمی کوردستان بە حەماسەوە بەدەم دەستپێکردنی کامپەینی هەڵبژاردنەکانەوە دەڕۆن.

ڕاپۆرتەکە هۆکاری بەدەمەوەچوونی خەڵکی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ئەمجارە چیتر هەردوو پارتی دەسەڵاتدار ناتوانن کۆنترۆڵی ئەو پرۆسەیە بکەن، دەڵێت: «هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە دەستپێکردووەو لە هەرێمی کوردستان پۆستەرو دروشمەکان لە ئۆتۆمبێلو تەکسیو درەخت دراون، ئەمەش حەماسەتی خەڵکی ئەو هەرێمە بۆ هەڵبژاردنەکان دەردەخات، کە پێشتر لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە کۆنترۆڵ کرابوو».

ئاژانسە ئەمریکییەکە گەندەڵی بە بابەتی سەرەکی هەڵبژاردنەکان لە قەڵەم دەداتو دەڵێت: «چاوەڕواندەکرێت لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز بۆ (١١١) کورسی پەرلەمان تیشک بخرێتە سەر دەنگۆکانی گەندەڵیو داهاتی نایاسایی لەنێو پارتە سیاسییەکانی کە بۆ دەیەها ساڵە لەو هەرێمەدا دەگوزەرێت».

پاشان باس لە لیستەکانی هەڵبژاردن دەکات بەتایبەتی لیستی گۆڕانو دەنووسێت:

«نەوشیروان مستەفا، وەک ریفۆرمیستێکی جەماوەریی لەگەڵ گروپێکی سەربەخۆ هاتووەتە مەیدانەکە بەناوی گۆڕانەوە».

لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی هەواڵێکی سایتی (BBC) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بە یەک لیست بەناوی (لیستی کوردستانی) بەشداریی دەکەن، ڕووبەڕووی ڕکابەرێکی بەهێز دەبنەوە، ئەویش لیستی گۆڕانە بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا کە لە پەیامەکەیدا داوای گۆڕانکارییو شەفافیەت دەکات.

لە هەواڵەکەی (BBC)دا هاتووە: «پارتیو یەکێتی ماوەی چەندین ساڵە دەسەڵاتیان لە هەرێمی کوردستان قۆرخکردووەو کۆنترۆڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانیان کردووە لەو هەرێمەدا».

پەیامنێری (BBC) ڕوونیکردووەتەوە «لە ئێستادا ئاماژەکان دەریدەخەن کە ئاستی ناڕەزایی لەناو هاوڵاتییانی هەرێمدا زۆر زیادیکردووە، بەتایبەت لەڕووی بوونی گەندەڵی بە ئاستێکی بەرچاو لە دامودەزگاکانی حکومەتدا».

جێی ئاماژەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، کە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا ئەنجامدەدرێت، (٢٠) قەوارەی سیاسیو (٥) هاوپەیمانی کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی (١١١) کورسی پەرلەمان، هەروەها هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا ئەنجامدەدرێتو (٥) پاڵێوراو کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەو پۆستە دەکەن.

## پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان لێدەکرێنەوە

# «غەرامەکردنو زیندانیکردن سزاکەیەتی»

دلێر عەبدولخالق

لە پارێزگای سلێمانیو زۆربەی شارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایە، پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان لێدەکرێنەوەو دەدڕێنرێن، بەرپرسێکی ناوچەی سەنگەسەری پارتیش لە قەزای پشدەر، پۆستەری لیستی گۆڕان لێدەکاتەوە، لە بەرامبەریشدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان ئەو حاڵەتە بە نایاسایی وەسفدەکاتو دەڵێت: «هەرکەسێک ئەو کارە بکات، بەپێی یاساو ڕێنماییەکان بە غەرامەکردنو زیندانیکردن سزادەدرێت».

سەرچاوەیەک لە نووسینگەی قەڵادزێی لیستی گۆڕان بە (بەرەو گۆڕان)ی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەمە کە دەکاتە (٦/٢٣)، دوای ئەوەی هەوادارانی لیستی گۆڕان چەند پۆستەرێک وەک بانگەشەی ڕاگەیاندن لە ڕیزە دوکانەکانی ناحیەی سەنگەسەر هەڵدەواسن، کە یەکێک لەوشوێنانە دەکەوێتە بەرامبەری ناوچەی پارتی لەو شارۆچکەیە، بەرپرسێکی ناوچەکە پۆستەرەکان لێدەکاتەوەو دەیخاتە ناو بارەگاکەیانەوە. ئەو سەرچاوەیە وتیشی: «بەرپرسانی ناوچەکە وتویانە پێمان قبوڵ ناکرێت ئەو پۆستەرانە لە بەرامبەر بینای ئێمە هەڵبواسرێن، بۆیە لێمان کردووەتەوە، ئەو کاردانەوەیەی ئەو بەرپرسە لەکاتێکیشدایە کە ئەو شوێنە شوێنی گشتی نییەو بینای ناوچەکەش بەکرێگیراوە، واتە هی خۆیان نییە».

هەمان شەویش پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە لە قەڵادزێ لێدەکرێنەوە، بەتایبەتیش ئەو پۆستەرانەی لەنزیک مەڵبەندی یەکێتی لەو قەزایە دراون، کە شوێنی مەڵبەندەکەش دەکەوێتە ناو بازاڕی قەزاکە.

لێکردنەوەو دڕاندنی پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان، زۆربەی شارو شارۆچکەکانی گرتووەتەوە، لەناو شاری سلێمانیش لە زۆربەی شەقامە گشتییەکاندا ئەو حاڵەتە بەدیدەکرێت.

هەموو لیستەکانی ناو هەڵبژاردن، دوای تۆمارکردنی ناوی لیستەکانیان لە ئۆفیسەکانی کۆمسیۆن، چوارچێوەی ئاکاری (قواعد السلوک)یان پەسەندکردووە، کە تێیدا خۆیان پابەندکردووە بە کارکردن لە چوارچێوەی یاساکانی پەرلەمانو ئەو سیستمو ڕێنماییانەی کۆمسیۆن دەریکردووە.

لە چوارچێوەی ئاکاری (قواعد السلوک)دا، هەموو قەوارەیەک خۆی پەیوەستکردووە بە دوو خاڵی گرنگەوە، یەکەم: لیستەکان هەماهەنگی یەکتر دەکەن بۆئەوەی ئەو شوێنەی کۆبوونەوەی گشتیو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی لایەنێک بەکاردێت، دژایەتی دروستنەکات لەگەڵ قەوارەیەکی دیکە. دووەم: هیچ قەوارەیەکی سیاسی بۆی نییە کۆڕو کۆبوونەوەی لیستێکی دیکە تێکبداتو بیکاتە هەڵمەتی بانگەشەی خۆی، هەروەک پێویست دەکات لیستەکان ڕێز لەیەکتری بگرنو بانگەشەو ریکلامی یەکتر نەشێوێنن.

تاهیر حەمەدەمین، لێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە (بەرەو گۆڕان)ی ڕاگەیاند: لێکردنەوەی پۆستەری هەر قەوارەو لیستێک بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن سەرپێچییەو لێپێچینەوەو سزای خۆی هەیە، ئەگەر بەڵگە هەبێت لەسەر ئەوەی کەسێک پۆستەرێکی لێکردووەتەوە، دوو جۆر سزای هەیە، ئەوانیش «زیندانیکردن»و «غەرامەکردن»ە، ئاماژەی بەوەشکرد ئەو ئیجرائاتە یاساییە کاتێک دەکرێت کە ئەو لایەنەی پۆستەرەکەی لێکراوەتەوە، بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت کێ ئەو کارەی کردووە، چونکە ئەگەر بەڵگە نەبێتو کەسەکان نەناسراوبن، ئەوا بێگومان ناتوانرێت هیچ ئیجرائاتێک بکرێت.

لێپرسراوی ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەوەشی وت: «بەپێی ئەو چوارچێوە ئاکارییەی قەوارەکانی بەشداری هەڵبژاردن لە کۆمسیۆن خۆیانیان پێوە پەیوەست کردووە، دەبێت هەموو قەوارەکان ڕێز لە بانگەشەی ریکلامی یەکتربگرنو شێوازەکانی بانگەشەی لیستەکان نەشێوێنن، چونکە ئەمە جگە لەوەی پێچەوانەی یاسایە، پشێویش لەناو لایەنگرانی قەوارەکاندا دروستدەکاتو دەستدرێژیکردنە سەر هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانە».




### ڕوونکردنەوەیەک لە لاوانی عەشیرەتی زەنگەنەوە

لە ڕوونکردنەوەیەکدا ژمارەیەک لە لاوانی عەشیرەتی زەنگەنە بەیعەتکردنی ئەندامانی عەشیرەتەکەیان بە لیستی کوردستانی ڕەتدەکەنەوەو ڕایدەگەیەنن: «پاڵپشتی ئەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێت یاسا سەروەر بێتو حکومەتی دامەزراوەیی دوور لە گەندەڵی دابهێنێت نەک حکومەتی عەشیرەتبازو خێڵ پەرست».

لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەو لاوانە دەڵێن: «بۆ هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمانی ڕادەگەیەنین ئەوانەی بەهەر ناوێکەوە دەیانەوێ لەپێناو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیانو دەوڵەمەندتربوونیان بەیعەت بە لیستێکی دیاریکراو بکەن یا هاوڵاتییەک بخەنە ژێر فشارەوە بۆ خزمەتی لیستێک ئەوا مانەوەی کۆمەڵگەکەمان بەم شێوەیەی ئێستا کە هەموو ویژدان زیندووەکانی نیگەرانو تووڕە کردووە درێژتر دەبێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەدا کە دانەیەکی بۆ سبەی نێردراوە، لاوەکانی زەنگەنە دەڵێن:

«وەک پێکهاتەیەکی زیندووی خاوەن بیر لە عەشیرەتی زەنگەنە دووپاتی دەکەینەوە، ئیدانەی هەموو کەسێ دەکەین هۆکارو ڕێگربن لە دەنگدانی ئازادانەی خەڵکی بەهەر لیستێک کە خۆیان دەیانەوێو دڵنیاشین لەوەی ئەمڕۆ عەشیرەتەکەی ئێمەش، پاڵپشتی کەسانێک دەکەن یاسا سەروەر بکاتو حکومەتی دامەزراوەییو دوور لە گەندەڵی دابمەزرێنێت».

# (٥٧)

## گۆڕان بۆ؟
**-٢-**

**نەژاد جەلال**



خواستی گۆڕان لەوێوە دەستپێدەکات کە (١٨) ساڵ خەڵک پەراوێزخراوە، لاوەکان کراونەتە سووتەمەنی شەڕی دەستکەوتەکانی حیزب، بەرژەوەندی بنەماڵەکانو کورسی خواپیاوەکان، لە هەرێمێکی بریندارادا میزاجی خاوەن کورسییەکان حکوم دەکات، یاسا تەنیا لەسەر لاپەڕەکانەو ژەنەڕاڵەکان زۆر لە یاسا گەورەترن.

(١٨) ساڵە تاکەکانی کورد دادوبێدادیانە لە گەندەڵی، خەون بە دامودەزگای یاساییو دیموکراتی ڕاستەقینەوە دەبینن، ئەم هەموو ساڵە چاوەڕێی کارەباو ئاوو ڕێگاوبانو خوێندنگای شایستەو نەخۆشخانەی شیاوو یاساو دادپەروەرییو ...هتد ین، گۆڕان ئالەوێوە لەدایکبوو، ئەوەی کە (١٨) ساڵ لەمەوبەر لەدایکبووە (١٨) ساڵە چاوەڕێیە، ئیتر ئەوەی تێفکرێتو بفامێنێت جارێکی دیکە بڕوا بەو بەڵێنە درۆیانە ناکات کە ساڵانێکە مافەکانی پێزەوت دەکەن.

هەر چۆن گۆڕان پێویستییەکی بەردەوامی ژیانە، ئاواش ئەرکی هەموو تاکێکە شەرەفی بەشداربوون بەخۆی ببەخشێت.

چەند ساڵێکە خواستی گۆڕان بە پەرتەوازەیی لێرەو لەوێ دەدرەوشێتەوە، بەڵام ڕێکخراوو یەک دەنگ نەبووە، ڕۆشنبیرانی کوردیش پشکی شێریان لە سەرهەڵدانی ئەو خواستە بەردەکەوێت، ئەمە جێی شانازییە کە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی ئاوها ڕۆشنبیرانمان ڕێبەرایەتی بکەن، بنەماڵەو ...هتد خاوەنو بکوژو ببڕی نەبن، ئێستا ئەو بزوتنەوە فراوانە لە لیستی گۆڕاندا ڕێکخراوەو هەموو دەنگەکان تێکرا کراونەتە نەڕەیەکو داوای مافی خەڵکو گشت دەکات.

یەکێک لەو نەریتە جوانانەی کە بەرەو لەناوچوون دەچوو بزوتنەوەی گۆڕان زیندوویکردەوە، سەرنەوینەکردن بوو بۆ دەستکەوتە کەسییەکان، گۆڕان ئەو ئیرادەیەی گێڕایەوە کە نانتببڕنو لە کار دەرتبکەنو ژیانت لەمەترسیدا بێت، بکرێیتە هاوڵاتی پلە دوو، بەڵام ئامادەنەبێت پشت لە ڕاستیو مافی خەڵکبکەیتو سەرنەوی بکەیت بۆ ستەمێک کە لەئاوابووندایە.

گۆڕان لەوێوە گەشە دەکات کە تاکی کورد بە ویژدانەوە بڕیاربدات، ئەو نایەکسانیو بەڵێنە هەڵخەڵەتێنەرانەی بە بانگەشەی هەڵبژاردن لە زاکیرەدا کاڵنەکرێتەوە، بیری نەچێت چەند شەوی بە تاریکی ڕۆژکردووەتەوە، چەند ڕۆژ ئاوی خواردنەوەی نەبووەو ...هتد هەموو ئەمانە کە مافی سەرەتایی خەڵکە، بەڵام ئەوان سەرەڕای بردنی زۆرینەی داهاتی ئەم وڵاتە بۆ ناو قاسە تاریکەکان، ئەگەر لە پاشماوەکەی بلۆکێک دابنێن هەزاران منەت بەسەر ئەو خەڵکەدا دەکەن ئەگەر ئەوان نەبوونایە دەبوو ئێستاش لە کابوسدا کورسی دەسەڵاتیان ببینیایە.

# خەڵکو گـــــــــــۆڕان

### ستار حەسەن ئیسماعیل جوبلاخی


### پێشمەرگەی دێرینی پارتی دیموکراتی کوردستان



لەبەرئەوەی دەسەڵاتیان پاوانکردووە بۆخۆیان، خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵک ناکەن، درێـژە بە گەندڵی دەدەنو شەفاف نین لەگەڵ میللەتدا، بڕیارمدا دەنگ بدەم بە لیستی گۆڕانو کاربکەم بۆ سەرکەوتنی.

### ئەبوبەکر ئەحمەد عەزیز هەڵەدنی، خانەنشین

### دانیشتووی پیرەمەگروون



من وەک پێشمەرگەیەکی دێرین دەنگدەدەم بە لیستی گۆڕان، لەبەرئەوەی دەیەوێت خزمەت بە کەسوکاری شەهیدو ئەنفالو کۆمەڵانی خەڵکو چاکسازیی و نەمانی گەندڵی بکات.

### عارف کەریم مستەفا یاخیانی، فەرمانبەر




لەبەرئەوەی لیستی گـۆڕان هەوڵی بنبڕکردنی گەندڵی دەدات، خزمەت بە هەموو چینو توێژەکان دەکات، دەنگدەدەم بە لیستی گۆڕان.

### فەرەیدون سەعدون محەمەد شەدەڵەیی، پێشمەرگە

### دانیشتووی پیرەمەگروون




بـۆئـەوەی ئـەم سیستەمە بگۆڕێتو بەرژەوەندییەکانی گەنج لەبەرچاو بگیرێتو گەندڵی نەمێنێت، دەنگدەدەم بە لیستی گۆڕان.




### بەڕێز عەبدوڵڵا تۆفیق، مامۆستا

### لەشاری سلێمانی



بۆیە دەنگ دەدەم بە لیستی گۆڕان بە هیوای ئـەوەم کاک نەوشیروان گۆڕانمان بۆ بکات، چونکە میللەت لەم دەسەڵاتە بێزاربووە دەمانەوێت مافی ژنان دەستەبەر بکاتو دەسەڵات لەژێر دەستی ئەو گەندەڵانەدا دەربهێنێت، کە (١٨) ساڵە مافی ژنان زەوت دەکەن.

### کاوە قادر، کاسب



پێویستمان بە چاکسازی هەیە، هەر یەکێک لە ئێمە مافی خۆیەتی بزانێت لەم (١٨) ساڵەدا ئەم دەسەڵاتدارانە چییان کردووە لیستی گۆڕان دەبێت روونی بکاتەوە بۆمانو خەڵک بزانێت (١٨) ساڵە خوێنی میللەت بۆ کوێ براوە

### پشتیوان محەمەد عەزیز، شۆفێری تەکسی



من وەک گەنجێک هەتا دەمرم لەگەڵ گۆڕانکاریدام، ئێستاش کە لیستی گۆڕان دروستبووە دەبێت بۆ مێژوو بنووسرێت کە دوای (١٨) ساڵ نەگۆڕینو بێزاریو سەرهەڵگرتن بۆ هەندرانی گەنجان، ئێستا بە دەسەڵاتداران دەڵێین: هەرچەندە ئێوە خۆتان ناگۆڕێن، بەڵام ئەوەتا ئێمە ئێوە دەگۆڕین لە هەڵبژاردندا.

### تەها عەلی عەبدوڵڵا کاسب



گۆڕان دەنگی رزگاری گەنجانەو دەنگی منیش بۆ گۆڕانە. پەرلەمانی پێشتر زۆر وەعدی دا هیچیان بۆ نەکردینو گاڵتەیان بە چارەنووسی میللەت کردو بەردەوام بەوە وەڵامی خەڵکیان دەدایەوە کە حکومەت ساوایە، منیش پێیان دەڵێم: بە ساوایی ئەو حکومەتە تەسلیمی میللەت بکەنەوە

سازدانی:
دیار ئەحمەد – فاخیر تەلانی – ڕێبین فەتاح

# ڕێنمایی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان (٥٧)

**هاوکارانی بەڕێزی لیستی گۆڕان..**

وەک ئاگادارن لەم ڕۆژانەدا هەڵمەتی هەڵبژاردن‌و بەتایبەتیش هەلمەتی ڕاگەیاندن بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٠٧/٢٥) دەستی پێکردووە، پێویستە هەموو لایەک بەتایبەتیش ئێوەی هێژا بە تەواویی پابەندبن بەم ڕێنماییانەوەو بەوردیی پەیڕەویان بکەن:

١. پابەندبوونی تەواو بە یاسای پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان‌و هەلمەتەکانی هەڵبژاردنەوەو، بەتەواوی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق/ هەرێمی کوردستانەوە، لەوانەو بۆ وەبیرهێنانەوە:

• پابەندبوونٍ بەو شوێنانەی کۆمسیۆنی باڵا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن دیارییان دەکات.

• پۆستەرو دروشم‌و لافیتەو هیچ کەرەستەو شتێکی دیکەی هیچ قەوارەو کاندیدێکی تر لێناکەنەوەو دەستیان بۆ نابەن.

• بینای حکومیی‌و شوێنی کارکردنی ڕەسمیتان بە هیچ جۆرێک بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بەکار نابەن.

• توندوتیژیی‌و ناوزڕاندن‌و پێداهەڵشاخان‌و تۆمەتدروستکردن‌و هێرشکردنی بێبنەما بۆ سەر هەموو کاندیدو قەوارەکانی دیکە، قەدەغەن‌و دوورن لە ئەخلاقی بەرزی هەوادارانی لیستی گۆڕانەوە.

• خۆ دوورگرتن لە پڕوپاگەندەو هەواڵی چەوت‌و ناڕاست‌و بێ سەرچاوەو بێ بنەما.

• دیاردەی چەکداریی نەک هەر نەشیاوو ناشارستانییە، بەڵکو بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیەو خۆتان لە هەر دیاردەیەکی لەو جۆرە بەدوور بگرن.

• لە هەر سەرپێچییەک کە بەرامبەرتان دەکرێت‌و یان پەلاماری بنکەکانتان دەدرێت، یان دروشمەکانتان دەدڕێنرێن‌و دەشێوێندرێن، یان هەر سەرپێچییەکی دیکە، کە لە یاساو ڕێنماییەکاندا هەن بەرامبەرتان کران، هیچ کاردانەوەیەکتان نابێت‌و ڕاستەوخۆ لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان‌و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، ئاگاداردەکەنەوەو یاسا پارێزەرو داکۆکیکار دەبێت، نەک هەڵوێست‌و کاردانەوەی کەسیی‌و کەس بۆی نییە لە هەوادارانی لیستی گۆڕان تۆڵە بەدەستی خۆی دوور لە یاسا بسێنێتەوە.

٢. جەخت بکەنەوە لەسەر ڕاڤەکردن‌و شیکردنەوەو باسکردنی پەیام‌و بەرنامەکەی لیستی گۆڕان.

٣. خەڵک بێزار نەکەن‌و ڕێزی زۆرو تەواوی خەڵکی بگرن، دەرودراوسێی بنکەکانتان بێزار مەکەن.

٤. بەهیچ شێوەیەک لەسەر دیوارەکان نانووسن.

٥. ژینگەی شارو ناوچەکانتان ڕابگرن‌و نموونەی شارستانیانەی خۆتان لە پاراستنی پاکوخاوێنیدا بنوێنن.

٦. بەخێرایی لە هەر لادان‌و سەرپێچییەکی خۆمان‌و بەرامبەرەکانیشمان ئاگادارمان بکەنەوەو هەرکەسێک زانیارییەکانی لەم بارەیەوە دەیدات ڕاست‌و دروست نەبن، خۆی بەرپرسیار دەبێت.

٧. ئاشتییانەو مەدەنییانەو شارستانیانەو هۆشیارانە لەگەڵ نەیارانی لیستی گۆڕان‌و بەرنامەکانیاندا مامەڵە بکەن.

٨. گیانی بەگروپ کارکردن بپارێزن‌و ڕێز لە ڕاو هەڵوێستی یەکتر بگرن، دووربن لە خۆپەرستیی‌و خۆویستییەوە.

٩. تایبەتمەندیی ناوچەیی ناوچەکانتان بەهێند وەربگرن، ڕێز لە دابونەریت‌و سیستمی گشتیی بگرن.

١٠. هەر کەسێک لێدوان دەدات، وەک ڕای خۆی ڕا بدات، تەنیا وتەبێژیی ڕەسمیی لیستی گۆڕان گوزارشتی یاساییانە لە لیستەکە دەکات.

١١. بە وردیی ڕێنماییەکانی لیژنەی باڵای ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان پەیڕەو بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا..

**لیژنەی باڵای**
**ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان**

### چی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بێ غەش بێت؟

# چاودێرێکی سیاسی: ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا نموونەیەکی جوان پیشان نەدەین، کۆی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەخەینە مەترسییەوە

سۆران پاڵانی

«ئەزموونی هەرێمی کوردستان‌و مەسەلە دیموکراسیەکەی لە ژێر ڕۆشنایی‌و تیشکی هەموو دنیایە، بەهۆی دنیای جیهانگیرییەوە ئەو شتەی کە لە سلێمانی ڕوو دەدات بەر لە هەولێر خەڵکی ستۆکهۆڵم دەیزانێت، بۆیە دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا وریا بین»، زیرەک کەمال ئەندامی لیژنەی باڵای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وای ووت.

بڕیارە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەبچێت، چاودێرانی سیاسی‌و ڕۆشنبیران لەو بڕوایەدان کە ئەم هەڵبژاردنە یەکەم هەڵبژاردنی گرنگە لە مێژووی سیاسی کوردستانداو باش بەڕێوەچوونی پرۆسەکە خزمەتێکی گەورە بە ناوبانگی سیاسیی کوردستان دەکات.

ڕێبین ڕەسوڵ، بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسک لە هەرێمی کوردستان، لەو بڕوایەدایە، کە هەڵبژاردنێکی شەفاف‌و دوور لە دەستێوەردان خزمەت بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها بە بەرەوگۆڕانی ڕاگەیاند: «شەفافیەت لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنداو بێلایەنبوونی هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش، لەگەڵ نەبوونی تەزویرکاریی لە سندوقەکانی دەنگداندا، هەرێمی کوردستان بەرەو پێش دەبات‌و خزمەت بە پرۆسە دیموکراسیەکەی دەکات».

لەبەرئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا چەند ڕاپۆرتێکی نێودەولەتیی بڵاوکراوەتەوە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، زیانێکی زۆر گەیشتووە بە پێگەی سیاسی کورد لە جیهاندا، هەر بۆیە بێگەردبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن خزمەتێکی زۆری پێگەی سیاسیی کورد دەکات.

عەلی کەریم، چالاکوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاماژە بەوە دەکات، کە بەهۆی ئەو ڕاپۆرتە نێودەولەتیانەی کە باس لە پێشێلکارییەکان‌و ڕەوشی دیموکراسی دەکەن لە کوردستاندا، کورد ئێستا لە عێراقدا لاوازەو هەر بۆیەش ئەمریکا تەداخول ناکات، ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە کورد بۆ ئەوەی لە دەرەوە یەکدەست‌و پێگەی قایم بێت‌و پشتیوانی نێودەوڵەتی زیاد بکات، دەبێت بڕوای بە کلتووری یەکتر قبوڵکردن‌و بڕوای بە دۆڕان‌و بردنەوە هەبێت ئەمەش خزمەت بە دیموکراسی دەکات.

عەلی کەریم وتی: ئەم هەڵبژاردنە وێستگەیەکی گرنکی دیموکراسیە کە بیسەلمێنێت کورد دەتوانێت پرۆسەی سیاسی خۆی لە ڕێگەی دیموکراسیانەوە بەرەو پێش بباتـ.

ڕۆژی ٧/٢٥ی داهاتوو هەلبژاردنە گشتییەکەی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم دەستپێدەکات لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی‌و دهۆک)، کەتێیدا (٥) هاوپەیمانیی‌و (١٩) قەوارەی سیاسی کێبڕکێی دەکەن، بۆیە بە بڕوای زیرەک کەمال هەموو لایەک بەرپرسیارە لە سەرخستنی ئەم پرۆسەیە.

کاروان عەلی، ڕۆژنامەنووسیش لەو بڕوایەدایە، ئەگەر چی دەسەڵات بەرپرسیارێتی ئەوە دەگرێتە ئەستۆ، کە پرۆسەکە سەرکەوتووبێت، بەڵام لە هەمانکاتیش هەموو خەڵکی کوردستانیش بەرپرسیارن لەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە سەرخستنی ئەو پرۆسەیەو دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانی خۆیاندا.

عەلی کەریم، مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەم هەلبژاردنەکە دەبەستێتەوە بە مەرجەکانی: توندوتیژی لە کەمترین ئاستدابێت‌و کۆمسیۆنی باڵا بێلایەنی خۆی ڕابگرێت، پارتە سیاسییەکان دەرەنجامی ئەو هەلبژاردنە قبوڵ بکەن، هەروەها عەلی وتی: بە بێگەردبوونی هەلبژاردن، سومعەی کورد لە دنیا پەرە دەستێنێت‌و هەنگاوێک لە دیموکراسی نزیک دەبینەوە.

کاروان عەلی هاوڕابوو لەگەڵ عەلی‌و وتی: بەڕێوەچوونی هەلبژاردنێکی دوور لە ئاژاوە بۆ سومعەی کورد زۆر باشەو کاریگەری لە سەر ناوبانگی کوردو پرۆسە سیاسی‌و دیموکراسیەکەی دروست دەکات، بەڵام ئەگەر دەستێوەردان‌و تەزویر هەبێت وەکو لەو وڵاتانەی ناوچەکەش بینیمان کاریگەری دەبێت لە سەر کورد، چونکە چاودێری نێودەوڵەتی‌و وڵاتانێکی زۆر چاوەڕوانی ئەم هەڵبژاردنەن.

ڕێبین ڕەسول بەرپرسی ڕێکخراوی ئاسک گەشبین نەبوو لە ئیرادەی سیاسی کورد بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردنێک کە مافی ئۆپۆزسیۆنی تێدا پارێزراوبێت‌و وتی: «لەو باوەڕەدام ئیرادەیەکی سیاسی نییە کە پرۆسەکە بە شەفافیەت بەڕێوەبچێت، چونکە عەقلیەتی سیاسی کورد نەگەیشتووەتە ئەوەی کە ڕێز لە دەنگی تاک بگرێت». هیواشی خواست کە هەڵبژاردنەکە شەفافبێت‌و تەزویری تێدا نەبێت، چونکە ساختەکاریی هۆکارێکە بۆ سوککردنی دەنگی هاوڵاتیان‌و ڕێزنەگرتن لە بەهای مرۆڤ.

زیرەک کەمال ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش باسی لەوەکرد، لە ڕابردوودا بە عاتیفەوە دنیامان گریاندووە، کە ئێمە خاوەن ئەنفال‌و کیمیابارانین، بەڵام لە ئێستادا پیادەکردنی ئەزموونی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ‌و نوێگەری کاریگەردەبێت. زیرەک کەمال وتی: «تاکە مەترسیی سەر کوردستان دوورکەوتنەوەیە لە دیموکراسیەت‌و کلتووری قبوڵنەکردنی یەکتر، بۆیە ئەم هەڵبژاردنە ئەزموونێکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، گەر نموونەیەکی جوان پیشان نەدات کۆی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەوە».

لە پرۆسەی هەڵبژاردندا لیست‌و قەوارەکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکەن، ئەوەش وێنەیەکی تری شێوازی کێبەرکێی دیموکراسی لەو وڵاتەدا پیشان دەدات، چونکە هاوڵاتیان ڕاستەوخۆ کاریگەرڕدەبن بەو پڕوپاگەندانەی وەکو هەلمەتی هەلبژاردن لەو کەناڵانەوە پەخش‌و بڵاودەکرێنەوە.

کاروان عەلی، ڕۆژنامەنووس‌و خوێندکاری ماستەر لە بواری میدیا لە زانکۆی سلێمانی، وتی: «میدیا ڕۆڵی یەکەمیی هەیە لە سەرخستنی هەر پرۆسەیەکی دیموکراسیانەدا، بە تایبەتی لە هەلبژاردندا، چونکە میدیا چاوێکی بەردەوامەو چاودێری پرۆسەکە دەکات».

دەربارەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گرتوویانەتە بەر لەم هەلبژاردنەدا زیرەک کەمال ڕایگەیاند: لیژنەیەک پێکهاتوە لە نوێنەرانی پەرلەمان‌و حکومەت‌و سەندیکا، گەر لە پرۆسەکەدا هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن پێشێلکاری بکات ناوی تۆماردەکرێت‌و دواتر ئەو لیژنەیە بڕیاری لە سەر دەدات کە چی بەرامبەر دەکرێت.



هەموو چین‌و تویژەکان دەنگیان بۆ گۆڕانە

فۆتۆ: دیار ئەحمەد مەجید

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

ئەڵقەی سێهەم

## ٢. ٢. ئامانجە دیموکراتییە گشتییەکان:

٢. ٢. ١. پەرلەمانو حکومەت بەرپرسن لە پاراستنو پەرەدان بە سیستمی دیموکراتی، ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریی، جیاکردنەوەی ئەرکی حزبی لە فەرمانی حکومیی، دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی کۆمەڵگەی شارستانی، دەسەڵاتە ناوەندییەکانی هەرێم لە دەسەڵاتی پارێزگاکان، دابەشکردنو وردکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر هەموو ئاستە کارگێڕیو ناوچەییەکان.

٢. ٢. ٢. پەرلەمانو حکومەت بەرپرسن لە دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا کە بەسەر هەمووواندا بەشێوەیەکی یەکسان جێبەجێ ببێت. پێڕەوکردنی لێپرسینەوەی یاسایی بێ جیاوازیی لە پلەوپایەی حکومی، بێ جیاوازیی لە ئینتیمای حزبیو کۆمەڵایەتیدا.

٢. ٢. ٣. ڕێزگرتنو پاراستنی ئازادییو مافە سیاسیو مەدەنییەکان، مافو ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادیی نیشتەجێبوون، ئازادیی ویژدانو ڕادەربڕینو بیروباوەڕ، ئازادیی ئاینداریی.

٢. ٢. ٤. پەرەدان بە فەرهەنگی دیموکراتی، هەڵبژاردن، کاراکردنی ژیانی پەرلەمانی، کاراکردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی پارێزگاو وردکردنەوەیان لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەو گوندەکان.

٢. ٢. ٥. پەرەدان بە فەرهەنگی نەیاریی، ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو ڕۆشنبیریی، ڕەخنەگرتن وەک مافێک کە دیوی دووەمی بەرپرسیارێتییە.

٢. ٢. ٦. دانانی سیستمێکی هەڵبژاردنی ڕۆشنو شارستانی لەسەر بنەمای بازنەیی بۆ هەموو دەزگاو ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی، سیستمێک هەموو پێوەرە یاساییو نێودەوڵەتیو تەکنیکییەکان لەخۆبگرێت بۆ ڕێگریی لە پێشێلکارییو ساختەکاریی لە پرۆسەکانی دەنگداندا.

٢. ٢. ٧. پەرەدان بە فەرهەنگی پەسەندکردنی جیاوازیی لەسەر ئاستی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی، پەسەندکردنی شکست لە هەڵبژاردندا، ململانێی ئاشتیانەو دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەسەر هەموو ئاستە سیاسییەکان، دەستاودەستکردنی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی کارگێڕییو کۆمەڵایەتی، لەنێوان کەسە شیاوەکاندا، لەنێوان ڕەگەزو تەمەنە جیاوازەکاندا.

٢. ٣. ٨. بەرپەرچدانەوەی هەر ڕەفتارو ئاکارو هزرێکی توندڕەوو تیرۆریستانە، لەژێر هەر ناوو هەر پاساوێکدا بێت.

٢. ٢. ٩. زەمینەسازیی بۆ ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسیدا زمانی دایەلۆگی ڕۆشنو ناونانی بەرژەوەندییەکان جێگەی زمانی دروشمو موزایەدەو گوتاری لاستیکیی بگرێتەوە.

٢. ٢. ١٠. چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوونو ئامادەکردنی هاوڵاتی وەک کەسێکی ئازاد، یەکسان بەوانی تر، بەرپرس، خاوەن مافو ئەرک.

٢. ٢. ١١. پابەندبوون بە هەموو مادەو بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤو ڕێگریی لە هەر پێشێلکارییەک دژی ئەو بەندانە.

٢. ٢. ١٢. کاراکردنی ڕۆڵی سیاسیی، شارستانیی، کارگێڕیی، کۆمەڵایەتیو نوێنەرایەتیی ئافرەتانو گەنجان لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان.

### ٢. ٣. پەیوەندیی نێوان هەرێمو حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، سەرکردایەتی کوردستان بە هەموو قورسایی خۆیەوە لە بەغدا ئامادەیە، چەندین پۆستی سیادییو وەزاریی هەستیاری حکومەتی عێراقی فیدرالی وەرگرتووە، کەچی کارنامەی نیشتمانیی کوردستان لە قەیرانی بەردەوامدایە، هاوپەیمانی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا لە پاشەکشەو ئاڵۆزبووندایە. لایەنی کوردیی لە بەغدا نەیتوانیوە شەراکەتی سیاسیی ڕۆشن لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا بنیات بنێت، نەیتوانیوە گوشار بەئاراستەی چەسپاندنو جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوریانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەسەلمێنن، ئەو مادانەی پەیوەندیدارن بە:

– گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا سەرکردایەتی کورد بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو لە ٢٠٠٧/١٢/٣١دا ئەو دۆزە چارەسەربکات.

– سەلماندنی زمانی کوردی وەک زمانی پلە یەکی فەرمی لە عێراقدا، وەک لە مادەی (٤)ی دەستوری عێراقدا هاتووە.

– بەشدارییپێکردنی سەربازو پلەدارانی گەلی کوردستان لە هێزە چەکدارەکانو سوپای فیدراڵدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی بەقازانجی پێکهاتەی گەلی کوردستان وەک لە مادەی (٩)دا هاتووە.

– دەرکردنی یاسا فیدراڵییەکانو دامەزراندنی «ئەنجومەنی فیدراڵ» وەک لە هەردوو مادەی (٥٨و ٦٢)دا هاتووە.

– خستنەگەڕو کاراکردنی دادگای فیدراڵی باڵا، بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، وەک لە مادەکانی (٨٩، ٩٠و ٩١)دا هاتووە.

– دامەزراندنو خستنەگەڕی دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتی فیدراڵو دەستەی ڕاژەی فیدراڵ، بۆ بەرگریکردن لە بەرکەوتی داراییو کارگێڕیی خەڵکی کوردستان، وەک لە هەردوو مادەی (١٠٣و ١٠٤)دا هاتووە.

– دامەزراندنی نوسینگەکانی هەرێم لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا بەجۆرێک نوێنەرایەتیی قەوارەی نیشتمانیی هەرێم بکەن، نەک حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، وەک لە مادەی (١١٧)دا هاتووە.

– دامەزراندنی لەشکری یەکگرتووی پاسەوانی هەرێم، وەک قەڵغانی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، دوور لە هەر ئیعتبارێکی حزبیو میلیشیایی، وەک لە هەمان مادەی دەستوری عێراقی فیدراڵدا هاتووە.

**لەکاتێکدا لیستی گۆڕان بەڕێزو ستایشەوە ماندووبوونو هەڵوێستی ژمارەیەک لە بەرپرسو پەرلەمانتارانی گەلی کوردستان لە بەغدا دەنرخێنێت لە بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی کوردستان، بەڵام پێیوایە ئەو کۆششانە زیاتر بەرهەمی دڵسۆزییو کۆششی شەخسیی بوونو لە کارنامەی سیاسیی لایەنی کوردیدا بەرچاوڕوونیو ئەجندایەکی ستراتیژیی ڕۆشن لەئارادا نەبووە، کە ڕۆحی تیم بپارێزێتو بەرژەوەندیی گشتی زاڵ بکات بەسەر بەرژەوەندیی شەخسیو حزبیی بەرتەسکدا.**

لەبری ئەوەی لایەنی کوردیی گوشارو ململانێکانی بە ئاراستەی ئەو بابەتە هەڵپەسێردراوانەدا بخاتەگەڕ کە پەیوەندیدارن بە مافی نەتەوەییو خاکو بەرژەوەندیی ستراتیژی گەلی کوردستانەوە، زۆربەی ململانێکانی لەسەر گرێبەستی نەوتی، بودجەو وەرگرتنی پۆستی باڵا بووە. لایەنی کوردیی لەو ململانێیەدا، لەسەر گرێبەستو بودجەو وەرگرتنی پۆستی باڵا، نەک هەر نەیتوانیوە قەناعەت بە لایەنی بەرامبەر بکات لە بەغدا سەبارەت بە ڕەوایەتیی داواکانی، بگرە نەیتوانیوە قەناعەت بە خەڵکو ڕای گشتیی کوردستانیش بهێنێت کە لەسەر مافی ئەوان ئەو ململانێیە دەکات. دواجار ئەم بێبەرنامەییە لە ئەدای سیاسیو دیبلۆماتیو نیشتمانیدا هەر بە زیان بەسەر هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا نەشکاوەتەوە، بەڵکو زیانی بە کۆی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان گەیاندووە، کە پێویستە هەمووومان بەشداریی بکەین لە سەرلەنوێ نۆژەنکردنەوەیدا، لەڕێگەی گۆڕینی ئەدای سیاسیو دیبلۆماتیو دامەزراندنی کەناڵی پەیوەندیی نوێوە لەنێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا، لەنێوان هێزە کوردستانییەکانو هێزە عێراقییەکاندا، لەنێوان گەلی کوردو گەلانی عەرەبو تورکمانو کلدۆئاشوریو هەموو پێکهاتەکانی تری عێراقدا، کە هاوسێیەتی جوگرافیو کۆمەڵایەتی، لەپاڵ مێژوویەکی هاوبەشدا، هەمووان کۆدەکاتەوە.

٢. ٣. ١. پابەندبوون بە دەستوری عێراقی فیدراڵەوە، کە گەلی کوردستان لە ڕیفراندۆمدا دەنگی لەسەر داوەو پەسەندی کردووە.

٢. ٣. ٢. دیاریکردنی سنورو دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێمو حکومەتی فیدراڵدا، ڕێزگرتن لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدراڵ، ڕێگریی لە هەر پێشێلکارییەک بۆ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەوجۆرەی دەستور بڕیاری لەسەر داوە.

٢. ٣. ٣. دامەزراندنی دایەلۆگی شەفافو ڕاشکاوو دۆستانە، لەنێوان نوێنەرانی کوردستانو نوێنەرانی تورکمانو عەرەبو کلدۆئاشوریی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، لەسەر بنەمای ئینتیمای هاوبەش بۆ نیشتمان، هاوسێیەتی لە جوگرافیاو مێژوودا، شەراکەتو بەرژەوەندیی یەک تەواوکار، دوور لە دەمارگیریی، دوور لە هەر جۆرە گوتارێک کە بۆنی شۆڤێنیزمو توندڕەویی لێبێت.

٢. ٣. ٤. سپاردنی دۆسیەی گرێبەستە ستراتیژییەکانی هەرێم، کە پەیوەندیدارن بە چارەنوس، شەڕو ئاشتیو سامانی نیشتمانییەوە، بە پەرلەمان. پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدات، مافی ئەوەی هەیە بیانخاتە ڕیفراندۆمەوە، بەوجۆرەی کە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بێتو خزمەتی پەیوەندییەکانی هەرێمو حکومەتی فیدراڵ بکات.

٢. ٣. ٥. داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستانو گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی مادە پەیوەندیدارەکانی دەستوری عێراقدا.

٢. ٣. ٦. دامەزراندنی شەراکەتی سیاسیو ئابوورییو فەرهەنگیی لەنێوان هەرێمو پێکهاتەکانی تری عێراقدا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەشو پاراستنی بەرژەوەندیی هاوبەش. هاندانی پەیوەندیی سیاسیی لەنێوان هێزە کوردستانییەکانو هەموو هێزە نیشتمانیو ناسیۆنالیستو ئیسلامیو لیبراڵو دیموکراتەکانی تری عێراق، دوور لە دەستوەردان لە ململانێی ناوخۆی هێزە عێراقییەکان.

٢. ٣. ٧. سوودوەرگرتن لە دەزگا فیدراڵییەکان، بەتایبەتی دادگای فیدراڵی عێراق، بەمەبەستی بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمو ڕێگریی لە گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەسەر ئاستی عێراقو هەرێمی کوردستان.

٢. ٣. ٨. بەشداریکردن لە بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتو فیدراڵ لەسەر هەموو ئاستە ناوخۆییو دەرەکییەکان.

٢. ٣. ٩. هاندانی پەیڤینو پەیوەندیی گۆڕینەوە لەنێوان دەستەبژێرە سیاسییو ڕۆشنبیرییو ئەکادیمیو کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمو ناوچەکانی تری عێراق، لەنێوان دەزگا حکومییەکانو دەزگاکانی نوێنەرایەتیدا لەسەر هەموو ئاستەکان.

٢. ٣. ١٠. ئاخاوتن بە زمانی پەیڤینی شارستانیو بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ پەرلەمانتارانو نوێنەرانی حکومەتو هێزو دەستەبژێرە عێراقییەکاندا، دوور لە زمانی دەمارگیرییو دروستکردنی بارگرژیی، دوور لە زمانی ڕووپامایی ساختە.


کەرکوک ... فۆتۆ: فازڵ نەجیب

سەرکردایەتی کورد بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو لە ٢٠٠٧/١٢/٣١دا دۆزی ناوچە دابڕاوەکان چارەسەربکات، بەڵام کوا؟

# دەنگم ویژدانمە نایفرۆشم



فۆتۆ: فاخر تەلانی

جەماوەری لیستی گۆڕان لە شارۆچکەی پیرەمەگرون:

پشتمان پیرەمەگرونە، رووومان لە گۆڕانە ...

## پێویستمان بەگۆڕانە
## گۆڕانیش بەدەنگدانە

رەهێڵ

گەر کەسێکی خاوەن خۆتی
گەر ئازادی دوور لە کۆتی
گەر بۆ دەنگدان دڵ بەجۆشی
نەکەی دەنگی خۆت بفرۆشی
دەنگدان دەستەڵات دەگۆڕێ
گەندەڵی دەنێتە گۆڕێ
دەنگدان بۆ چارەنووسمانە
بۆ ئازادیو کارو نانە
بۆ دادپەروەریو یەکسانی
بۆ ژیانێک پڕ لە جوانی

بۆ مافی پیرو منداڵە
نەک تەنیا بۆ بنەماڵە
دەنگدە بۆ مافی گەنج و ژن
تاکەی ئاوا هەر بێ ماف بن
بزانە بۆ کێ دەنگ دەدەی
بە دەنگدان ژیان رەنگ دەکەی
لە دوای دەنگدان پەشیمانی
سوودی نییە با بیزانی
ئەوا ئێستا هەژدە ساڵە
دەنگدەدەین بە بەوانە
چیان بۆ کردین دوای دەنگدان
میللەتێکیان هەڵخەڵەتان
بە بەڵێنو قسەی بەتاڵ
خەونەکانمانیان نایە چاڵ

میللەت لە مافی بێ بەش بێ
بێ خزمەتو چارە رەش بێ
وا پاشماوەی ئەنفالەکان
لە ئۆردوگادا داڕزان
کەس ئاوڕیان لێناداتەوە
حەسرەت دڵیان دەخواتەوە
پێویستمان بە گۆڕانە
گۆڕانیش بە دەنگدانە
گەر بۆ دەنگدان دڵ بەجۆشی
نەکەی دەنگی خۆت بفرۆشی
دەنگدان دەسەڵات دەگۆڕێ
گەندەڵی دەنێتە گۆڕێ
بیرکەرەوە کێ شایەنی دەنگی تۆیە
هەژدە ساڵە ئەم میللەتە رەنجەڕۆیە